# ژمارەی ٥ **هانا** مارسی ١٩٩٧

## ناوەروک


١ـ سەرووتار ........................................................................ ٢

٢ـ تاوان یان کولتور \ شنە عبداللە ..................................................... ٤

٣ـ کونترولی سیکسی ژن \ لەیلا قانعی ................................................ ٩

٤ـ شیعر: کاکە\ ریبوار\ دارا عەلی\ بژار\ مەشخەل\ حەمە عەلی حەسەن ......... ١٤

٥ـ ئیرە کوردستانە \ کاروان عبداللە .................................................. ٢٥

٦ـ لە گەرووی سیلو دا \ ریبوار ........................................................ ٢٨

٧ـ رەمز \ ستریندبەری \ ریبوار........................................................ ٣٣

٨ـ سیودوو لاپەرە \ کولونتای \ یوسف رەسولی ..................................... ٣٤

٩ـ کاریکاتیر \ ئارام عبداللە حسین .................................................... ٤٣

١٠ـ سەرنجیك لە سەر ئیستیتیکای شیعری \ مەشخەل ................................. ٤٤

١١ـ ماهیەتی مەزهەب \ ناساندنی کتیب \ بەهرام رەحمانی .......................... ٥١


***

هەواڵنامەی کیپر

# سەرووتار

سە رنووسە ر

سليمان قاسميانى

خوينە رى بە ريز

ئيستا كە خە ريكى ئامادە كردنى «هانا» ى ژمارە پينجين، شتيكى واى نە ماوە بو روژى جيهانى ژن. ئيمە پيشە كى بە بوونە ى ئە م روژە لە بە شە ريە تى پيشرە و بە گشتى و لە ژنانى كريكار و زە حمە تكيش بە تايبە تى پيروزبايى دە كە ين. بە داخە وە ئە مرو لە سە روحە دى سالى دووهە زار، بە شيكى گە وە رى ژنانى دنيا لە بى مافى مطلق دا ژيان بە سە ردە بن. كاپيتاليزم وە ك سە رچاوە ى سە رە كى بە ش مە ينە تى و بى مافى مروف، بە گوپالى مەزهەب، ناسيوناليزم، كولتورى كونەپەرستانە و ياساى كون و گەندە لى پياوسالارانە، جە هە ننە ميكى واى بو بە شە ريە ت خولقاندووە كە ژنان بى بە شترين سووتە مە نيە كە يە تى. ئە مرو نە ك هە ر ژنانى وولاتانى «روو لە پيشكەوتن» بەلكوو تەنانەت ژنانى وولاتانى روژئاواش، كە تا رادە يە ك لە مافە سە رە تايى يە ئينسانى يە كانيان بە هرە مە ند بوون؛ كە وتوونە بە ر هيرشى دووبارە ى بورژوازى جيهانى لە ژير نازناوى «ديموكراسيى و بازارى ئازاد» دا.

ئە مرو زياتر لە هە ر سە ردە ميكى تر ئە و راستى يە هاتووە تە روو كە بى بە شى، چارە رە شى و ئە و زولم و زورە وە حشيانە و ئە و تاوانە نائينسانى و لە كوتايى نە هاتووانە ى كە دە رحە ق بە ژن دە كرين، بە بى هە لتە كاندنى سيستمى كاپيتاليستى لە بنە رە ت را، كوتايى نايە. ئە و ژنانە ى كە مە جبوور دە كرين بو تير كردنى سكى خويان و مال ومناليان لە شيان بفروشن، ئە و كچانە ى كە توقى كويلە تى دە كريتە مليان و بە ئاشكرا وە ك كالا پيشكە شى كريارانى سيكس ى خاوە ن پارە دە كرين، ئە و ژنانە ى كە نامووس پە رستى كوير و مە زهە بى بەردەبارانيان دەكا يان سەريان دەپەرينى، ئەو كچانەى كە فەرهەنگى سووننەتى، دايك و باوك و برا دە خاتە گيانيان و ژيانيان لى دە كات بە تاريكستان؛ تاوانە كە ى هە مووى بە ئە ستوى ئە و سيستمە وە يە كە تە واوى ئە و نابە رابە رى و خورافە و زولم و زورە ى گرتووە تە باوە شيە وە و دووبارە و سە دبارە دە يژيينيتە وە .

لە چيروكى «گولى خويناوى» لە ژمارە دووى «هانا» دا، كچيك بە ناوى «سارا» بە دە ست باوكى كوژرا. ئە مە چيروك بوو. بەلام سەد داخ كە ئەم چيروكە لە بارەگاى «ديموكراتيەت» لە سويددا بوو بە راستى و «سارا» يە كى راستە قينە ى ١٥ سالان بە دە ستى براكە ى و ئاموزاكە ى خنكينرا. تاوانى سارا مل كچ نە كردن بو كولتورى گە ندە ل و مە زهە بى، كونە پە رست و دژى ئيسنانى دايك و باوكى بوو. «سارا» تا قە قوربانى بى مافى و فە رهە نگى دواكە وتووانە و بى دە سە لات كوژى نە بووە. لە هە فتە دا ژنيك لە جە رگى ديموكراتيە ت واتە سويد، لە چوارچيوەى ناپيروزى خانەوادەدا گيانى لە دەس دەدا. ئەوەى كە جيگە ى سە رسورمانە ئە وە يە كە ئالاهە لگرانى «كومە لگاى فرە كولتورى» بە و پە رى بى شە رميە وە، بە نيوى «ريز گرتن لە كولتور و فە رهە نگى خەلكى تر»، فەرهەنگى بكوژانى «سارا» وەك فەرهەنگى هەموو پەنابەرانى كورد نيو دە بن و پاكانە بو تاوانبارەكان دەكەن! گوايە «كورد» نە چينى جوراجورى تيدايە و نە فە رهە نگى جوراوجور. ئە مان نايانە وى قەبوولى ئەوە بكەن كە كوردستان كومەليكى چينايەتى يە و دانيشتووەكانى و پە نابە رە كانيشى هە ر بە و نيسبەتە خاوەنى كولتور و فەرهەنگى جياواز و تايبەت بە خويانن. جگە لە مە ش مافە سە رە كى يە كانى ئينسانى، مافى يە كسانى هە موو ئينسانيكن، نە ك هە ر مافى تاقميك لە ئينسانە كانى وولاتانى روژئاوا! ئە م كارە رە گە زپە رستانە يە و بى حورمە تى يە بە ئينسان. جياوازى دانان لە بە ينى ئينسانە كان بە پيى شوينى

له دایک بوون، یان ده رکردنی ناسنامه ی کولتوری بو ئینسانه کان به پیی فه رهه نگ و کولتوری دایک و باوک، شایانی ئینسان نیه و ده بی به توندی پیشی پی بگیردری.

❊❊❊

به بونه‌ی روژی جیهانی ژن، به شی زوری به‌رهه‌مه‌کانی ئه‌م ژماره‌یه‌ی «هانا»، په یوه ندی به مه سه له ی ژنانه وه هه یه.

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# تاوان یان کولتور

شنه عبدالله

ئه گه ر هاتی بو ماله که م

ئه ی میهره بان چرایه کم بو بهینه

وه یه ک ده ربیجه که له وی وه

سه یری قه ره بالغی کولانه که مان بکه م

ئه مه شیعریکی شاعیری ئیرانی «فروغی فه روخ زاد»ه، که له سالانی ٥٠ کاندا نووسیویه تی. دیاره هینانی چرایه ک بو ئه وه ی مالی تاریکی رووناک بکاته وه، له گه ل ده ربیجه یه ک که له ویوه چاویک له ودیوی ماله که یان بکات تا بزانی له و دنیایه ی که ئه م لی ی بی به شه چی ده گوزه ری، وه ک سیمبولیک بووه بو ده رچوون له چوارچیوه ی ئه و زیندانه ی که ناوی ماله.

هه ر ئافره تیک ئه م شیعره ی خویندبیته وه، وه ک ره مزی ئازادی ئافره ت له قه له می داوه و له سه ر دلی نووسیویه تی، هه ر ئه و ئافره تانه ش که ئیستا په ناهنده ن، نه ک چرایه ک به لکو مالیکی پر له چراخانیان هه یه، له و خانووه چه ند نهومی یانه دا ده ژین که نه ک ته نها ده ربیجه یه ک به لکو مالی پر له په نجه ره ی هه یه که ده توانی نه ک هه ر کولانه که یان به لکو نیوه ی شاریش چاو لی بکات. به لام تاریکستان بو زور ئافره تی په ناهنده هه ر به رده وامه و ریگه یان نه بووه ته ماشای دنیای واقعی بکه ن و وه ک بوونه وه ریک رولی خویانی تیدا ببینن. هه میشه دیوه زمه ی شه ره ف و ناموسیان بو قوت کردوته وه و کوت وبه ندی ئه میان پی کردووه، وایان لی کردووه قیزی له لاشه ی خوی بیته وه و داوینی خوی لی بیته دووژمن.

هه ر له ژیر ناوی پاراستنی شه ره ف دا روژانه ژیانی چه نده ها ئافره ت ده کریته قوربانی و ده رخواردی فه رهه نگی پیاوسالاری ده دری، که واته ئه گه ر به شیوه ی فیزیکیش ئافره ت له ناو چوار دیواردا قه تیس نه کری، ئه وا چوار دیواری ره شی روحی بو خولقینراوه که ریگای ده رچوونی نادات.

هه والی لیدان و کوشتنی ژنان له ناو په ناهنده دا له م چه ند مانگه ی دووایی دا بوو به سه رباسی هه واله کان. به پی ی ئاماریک له مانگی دیسمبری ١٩٩٦ ه وه هه تا مانگی یانوه ری ١٩٩٧، زیاتر له ١٥ ئافره ت له لایه ن باوک و براکانیانه وه کوژراون یاخود بریندار کراون له سوید دا.

لوبنانی یه ک ژنه که ی که لی ی جیا بوته وه ده کوژی. سی کچی گه نج له لایه ن باوک و براکانیانه وه به ر چه قو ده درین هه ر له به ر ئه وه ی که مل که چی یاسا و کولتوری مه زهه بی و ناسیونالیستی دوواکه وتووانه ی که س وکاریان نه بوون و ژیر پی یان خستووه.

کوریکی تورک ۲۱ چه قو ده دات له خوشکه که ی خوی که ته مه نی ۲۲ ساله، که ئه گه ر بژی هه موو ژیانی که نه فت ده بی. کوریکی کوردی ۱٦ ساله خوشکه که ی که له خوی گه وره تره به ر چه قو ده دات. کوریکی تر به یارمه تی ئاموزاکه ی خوشکه ۱۵ سالانه که ی ده خنکینی. ئه مانه و زور حاله تی تری کوشتن و بریندار کردن، بوون به سه رباسی روژنامه و گوڤار و به رنامه کانی ته له فزیونی سویدی و چه نده ها لیکولینه وه ی به دوای خویدا هینا.

له ناو ئه م ده نگانه دا که له سه ر ئه م کوشتنانه هاتنه وه لام، ته نها تاک و ته را ده نگیک ده بیسترا که ئه مانه به تاوانی کوشتن له قه له م بده ن. ئه گینا سه رجه م ئه وانه ی تر هه زار به‌هانه ی فه رهه نگ و کولتوریان بو ئه هینایه وه و ئه م تاوانه وه حشیانه یان له ژیر ناوی کولتور و مه زهه ب دا حه شار ده دا و هیچ هه لویستیکیان نه بوو به رامبه ری.

سه باره ت به م رووداوانه، له روژنامه ی «یوتوبوری پوستن» دا له روژی ۱۵ی یانوه ری، له ژیر ناونیشانی «کوشتن له پیناوی شه ره ف» دا چه ند ده نگیک به رز بووه وه. یه کیک له وانه «یوناس ئوتربک» بوو:

«یوناس ئوتربک» ئیسلام ناس و خاوه نی کتیبی «موسلمان له قوتابخانه کانی سویددا» ده لی:

«خالی هاوبه ش له فه رهه نگی وولاتانی خورهه لاتی ناوه راست و وولاتانی سه ر ده ریای ناوه راست دا سه ره رای دیانه تی جیاوازیش، گرنگ بوونی ده وری که س وکاره. به پیچه وانه ی غه رب که کومه لگا ئه رکی پاراستن و سزادانی فه ردی له ئه ستودایه، لیره که س وکاره که ئه و ئه رکه ی گرتوته خو».

کاکی ئیسلام ناس ده یه ویت به رگیکی ناشرین و دزیوی دواکه وتووانه ی کولتوری به بالای هه موو ئه و وولاتانه دا ببریت، به بی له به رچاو گرتنی ئاستی پیشکه وتوویی و مودیرنی زوربه ی ئه و وولاتانه. دیسان له بوونی کولتورو بیروباوه ر و بزوتنه وه ی رادیکال و پیشکه وتوو له م وولاتانه دا له لای ئه و هیچ خه به ریک نی یه.

ئایا له وولاتانی سعودی، عیراق، سوریا و تورکیا ته نیا یه ک کولتور هه یه و ئه ویش فه رهه نگ و کولتوری ئایینی و دواکه وتووانه یه؟! ئایا له م وولاتانه دا کومه لگا چینایه تی نیه؟ ئایا له ویش وه ک هه موو وولاتانی تری دنیا، هه ر چین و تویژیکی کومه لایه تی خاوه نی فه رهه نگیکی تایبه ت به خوی و جیاواز له وانی تر نی یه؟!

به پی ی ئاماریک که کراوه روژانه سه ده ها ئافره ت تووشی لیدان و ئه شکه نجه ده بن و هه ر هه فته یه ک ئافره تیک ده کوژری له سویددا. ئایا ده کریت ئه م کوشتنانه بخریته پال «کولتوری غه رب»؟ ئایا غه رب هه مووی سه ر به یه ک چین و تویژی کومه لایه تین و یه ک کولتوریان هه یه؟

ئه گه ر سه یریکی تیروانینی خودی ئیعلامی سویدی وه یان غه رب بکه ین به عام ئه وا ده بینین بو هه ر کوشتنیک یان جه ریمه یه ک که به ئافره تان ده کریت، ده لیله که ی ده گیرنه وه بو ئه وه ی که کابرا نه خوشی نه فسی هه یه، یاخود به هوی سه رخوش بوونیانه وه بووه. ده گه رین به دوای چونیه تی

پە روە ردە کردنی بکوژەکە لە سە ردە می منداڵیدا. کەواتە هیچ کاتێک کوشتنی ئافرە تان نادە نە پاڵ «کولتوری غە رب». ئە وە ی کە دە یانە وێ هە دە فمە ندانە خوێنانی لێ گیل بکە ن و بیشارنە وە ئە وە یە کە ئە م هە مـوو ئە شکە نجە و ئازار و سووکایە تی یە ی کە بە ژنان دە کریت سە رچاوە کە ی بوونی سیستە مێ دژی ئینسانی کاپیتالیستی یە کە لە سە ر ئە ساسی نابە رابە ری ئینسانە کان دامە زراوە؛ ئە و سیستە مە ی کە لە سە ر ئە ساسی چە وساندنە وە ی ئینسان و زولم و زوری دە سە لاتی سە رمایە، دابە ش کردنی نابە رابە ری کاری بە ینی ژن و پیاو، راگرتن و بووژاندنە وە ی فە رهە نگی کونە پە رستانە و دژی ئینسانی دامە زراوە.

دینیش لە لای خویە وە هە میشە داری دە ستی نیزامی سە رمایە داری بووە بو سە رکوت و چە واشە کردنی ئینسان، بە لام کاکی ئیسلام ناس وە ها سە ری چە قیوە تە ناو قوراوی ئاینی ئیسلامە وە کە لە ئاستی ئە م راستی یانە دا چاوی نایبینی.

هە ر لە و باسە دا «یوناس ئوتربک» هاتوتە سە ر خودی ئافرە تانی پە ناهندە و دە لی: «ئە مانە کە سانیکی کە نارکە وتووی کومە لگان و کویرانە لاسایی کچانی ئە ورووپی دە کە نە وە؛ جل‌وبە رگی ناشیاو لە بە ر دە کە ن و بە رە و کاری زور خراپ دە چن.»

مانای ئە مە ئە وە یە کە ئافرە تانی پە ناهندە دە بی هە موو جبە و عە با بپوشن بو ئە وە ی کە کە س و کارە کانیان ئاوا مامە لە یان لە گە ل نە کە ن و نە کوژرین. ئافرە تانیک کە لە ژیر زە خت وزوری کونە پە رستی و پیاوسالاری دە ربازبوون، دە یانە وێ وە ک ئینسان بژین و چی تر شە رە ف و ناموس بە ناوی ئە مانە وە پیناسە نە کری. کە چی لیرە ش واتا لە ئە ورووپاش دا بە هە زارو یە ک بە هانە دە یانە وی لە چواچیوە ی مە زهە ب و کولتوری کە س کاریان دا بیانهیلنە وە و کوت وبە ندیان بکە ن.

هە ر لە هە مان ژمارە ی ئە و روژنامە یە دا ئافرە تیکی نوسە ری تورک بە ناوی «تاهیرە کوک تورک» ئاوا دە نوسی: «مە فهومی شە رە ف لە بناغە وە مە فهومیکی زور باشە. مانای وایە پیاو وە زیفە یە تی کە ئافرە ت بپاریزی لە دە ورو‌پشتی.»

ئە گە ر ئە مە قسە ی ئافرە تیکی نووسە ر و «تیگە یشتوو» بیت کە هاتوتە ئە وروپا و سە رە رای بینینی ئە و هە مـوو گورانکاری و رادیکالیزمە کە لە ژیانی ئافرە ت دا رووی داوە، ئاوا دە دوی؛ ئە ی ئە و پیاوە بیچارە ی کە لە کویرە دی یە کی ئە و وولاتانە وە هاتووە و بە هوی وە زعیە تیکی نالە بار کە تیایدا بووە هە لاتووە، دە بی چی بلی کە هیشتا ئاستی پیشکە وتن و مودیرنی وولاتە کە ی خوی بوی جیگە ی پرسیارە؟!

پیناسە کردنی شە رە ف بە ئافرە ت و پیچە وانە کە شی، تە قدیس کردنی مە فهومی شە رە ف و نامووس، (ئە و شە رە فە ی کە تە نها ئە ندامی مێ ینە ی ئافرە تان بی و پیاو بە رپرسیار بیت لە بە رامبە ر پاراستنی دا) بی شە رمی یە بو ئە مروی بە شە ری یە ت. کاتیک ئاوا بە بی شە رمانە لە لایە ن ئافرە تیکە وە دیفاعی لی دە کریت، هیچ جیگایە ک بو بوونی ئە و ناهیلیتە وە. وە ک ئە وە ی کە دە بی

ئافره ت كونترول بكريت، وه ئه م مافه ش بدريت به پياو، كه ده ست بگريت به سه ر له ش و ژيان و هه موو بوونی ئه ودا. ئه گه ر قسه له سه ر خوپاراستنه له نه خوشی «ئايدز» وه له سه ر ئه‌ساسی ئه وه ده بيت ئافره ت خوی بپاريزی، ئه‌وا پياويش به هه‌مان شيوه ده بيت ئه‌و كاره بكات. كه‌واته بوچی ده بيت پاراستنی ئافره ته كه ش هه ر به ئه و بسپيردری؟! قور به سه ر ئه و ئافره تانه ی كه په ناهنده ن وه يان له وولاتانی ترن و هيچ كه‌سيان نی يه كه بيانپاريزی! دياره ئه‌م نووسه‌ره‌مان خوی زور به به خته وه ر ده زانی كه پياويک هه يه و ئاگای له شه ره فيه تی!!.

ئه‌مانه و چه‌نده‌ها بيروباوه‌ری جوراوجوری په‌ناهنده و غه‌يری ئه‌وان له سه‌ر وه‌زعيه‌تی ئافره‌تانی په‌ناهنده خراوه‌ته به‌رچاو. هه‌لبه‌ته ميحوه‌ری هه‌موو ليكولينه‌وه‌كان له ده‌وری كولتور و دين و مه زهه ب ده خوليته وه، كه به هويه وه روخساريكی دزيو و ناشرين به بالای هه موو په ناهنده‌دا بپوشن، وه پيناسه ی ئه وان ته نها به م سی شته بكريت، يه ک رووخساری دواكه وتووانه ده ده ن به سه ر هه موو په ناهنده دا به بی له به رچاوگرتنی ئه وه ی كه ئه مانيش له وولاتانيكی جوراوجوره وه هاتوون و وه‌ک هه ر وولاتيكی تری ئه‌م دنيايه هه‌م كولتوری پيشكه‌وتوو و راديكال و هه‌م فه‌رهه‌نگی كونه‌په‌رستانه و دواكه‌وتووی تيايه. بوچی ده‌بيت ته‌نها كولتوره دواكه‌وتوانه‌كه بكريت به كولتوری هه موو ئيمه و به بالامان ببريت؟ بوچی ده‌بيت هينده‌ی‌تر په‌ناهنده وابه‌سته‌ی عادات و ته‌قاليديک بكه‌ن كه له وولاتانی پيشووی خوشيان دا خه ريكه له ناو ده چيت و خه باتی بو ده كريت. خوپيشاندانی ده يان هه زار ئافره تانی توركيا له مانگی رابردوودا له ئه نقه ره و ئه سته نبول دژ به جم و جولی ئيسلامی يه كان بو داسه پاندنی قه وانينی دينی و مه زهه بی كه دژ به ئافره تن، به لگه يه كی ئاشكرايه بو بوونی لانی كه م دوو كولتوری جياواز له هه‌ر وولاتيک‌دا. دياره ئه‌م نووسه‌ر و ئيسلام‌ناسانه كويرن و ناتوانن ئه‌و جياوازی يه چينايه تی و كولتوری يه له م وولاتانه دا ببينن.

بی كاری به ربلاو و زور گيروگرفتی تری كومه لايه تی په ناهنده يان دابريوه له م كومه لگايه و هه روه كو دوو كومه‌لگای جياوازی لی هاتووه. ئه‌مان وه‌ک خه‌لكيكی خاوه‌ن كولتوريكی تايبه‌ت به خويان خراونه ته كه ناره وه، به چه شنيک كه ناتوانن خويان وه ک خاوه نی ئه م كومه لگايه بزانن و ته‌عامولیكی واقعی‌يانه بكه‌ن له گه‌ل ئه‌م كومه‌لگايه‌دا. به هه‌زار شيوه‌و سياسه‌تی جوراوجور هان ده درين كه وه ک ئينسانيكی وه لاخراوی ئه م كومه لگايه بن و باوه ش بو عادات و ته قاليدی وولاته كه ی پيشووی خويان بكه نه وه. ئه مه هه روه كو شيوه يه كيش بو ره فزكردنی ئه م كومه لگايه ده رده‌كه ويت. سياسه تی ده سه لاتدارانی وولاتانی غه رب له ژير ناوی «ريزگرتن له كولتور» ته نيا ده بيته هوی زياتر كردنی ئه م ناموبی و گوشه گيری يه. به م هويه وه خويان له و مه سئوليه ته گه وره يه ده دزنه وه كه هه يانه به رامبه ر به په ناهنده. به و هويه شه وه سياسه تی راسيستی خويان كه ئه مرو له سه رتاسه ری غه رب دا له ئارادايه ده به نه پيشه وه. «نسبيه تی كولتور» و ته قديس كردنی له لای غه رب هيچ كاتيک له پيناوی ئازادی بی قه‌يد و شه‌رتی ئينسانه‌كان‌دا نه‌بووه، به‌لكو بو ئه‌به‌دی كردنی جياوازی و فه رق دانان بووه له

هەوانامەی کتێب

بەینی ئینسانەکان دا لە سە ر ئەساسی شوینی لەدایک بوونی خویان، وەیان کەس وکاریان. ئافرەتانیک کە بە زور مە قنە عە و عە بایان پی دە پوشری و ئە مرو لە ئە وروپادا دە ژین، بە تایبە ت ئافرەتانی خواروی ئەفریقا کە هەر لە تەمەنی سی سالی یەوە حجابیان دەدەن بە سەردا. ئەم ئافرە تانە کاتیک هاتوون چاوە روانی ئە وە یان لە ئە وروپا هە بووە کە هە ر هیچ نە بی حجابە کانیان پی فری بدات، بە لام دیارە ئە مان خە یالیان خاو بووە، چونکە ئە وروپا ئە گە ر کوت و بە ندە کانیانی توندتر نە کردبیتە وە ئە وا کە می نە کردوتە وە، و دیفاعیش لە و بی حقوقیانە یان دە کات لە ژیر ناوی «ریزلی نان لە کولتور». دیارە کارکردن بە و مە قنە عە و عە بایە وە شتیکی مە حالە؛ هە ر بویە دیفاع کردن لە و کولتورانە دیسان دە بیتە هوی بی کاری زیاتری ئافرە تان و توندتر کردنیان لە و چواردیوارە لەعنە تی یە دا و پە نابردنی ئە مان بو بە رنامە کانی تە لە فزیون کە بە هوی سە تە لایتە وە ری دە گرن، بو پر کردنە وە ی ئە و فە راغە زورە ی کە هە یانە و کات بە سە ربردن.

بەکارهینانی زەبروزەنگ تا ئاستی کوشتنی ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانی یە و سنوور هەلنەگرە. ئە گە ر حالە تیکی کوشتن یان کیشە ی تری کومە لایە تی کە لە ناو پە ناهندە دا روو دە دات، (وە ک روو دەدات)، ئەوە پەیوەندی نی یە بە کورد بوون یان تورک بوونەوە، بەلکو ئەو کومە لگایە ی کە ئە م پە ناهندانە ی تیدا دە ژی مە سئولە لە بە رامبە ر ئە م کیشانە و دە بیت ریگاچارە ی واقعی بو بدوزریتە وە و بە ری پی بگیریت. نە کو بە هوی هوکاری کولتوری و دینی و نە تە وە یی و عادات و تە قالید، شانی خوی لی خالی بکاتە وە و موری تایید کردنی لی بدات و سزای کە متریش بو تاوانبارە کە دانین!

***

# کونترولی سیکسی ژن

لە یلا قانعی

هە موو ئینسانیکی ساغ و بالغ، پیویستی بە خوشە ویستی، پە یوە ندی جنسی و ژیانی هاوبە ش لە گەل مروقی تر دا هە یە . هە روە ک ئینسان بو بە ردە وام بوونی ژیانی پیویستی بە خواردە مەنی و ئاو هە وا هەیە؛ هەر بەم جورەش چ لە باری رووحی (نەفسی) و لە چ باری فیزیکی یەوە ئیحتیاجی بە خوشەویستی هاونەوعەکانی هەیە. پەیوەندی جنسی شتیکی شادی هینەر و لەززە ت بە خشە. دوو کە سی ئە قیندار لە بینین، دواندن، بزواندن و عە شق بازی لە گە ل یە کتر لە ززە ت دە بینن. لە ززە ت بردن لە رابیتەی جنسی یەکیک لەو خوشیانەی ژیانە کە هەر مروقیکی ساغ، بو وەدەست هینانی تیدە کوشی. بی بە ش بوونی ئینسان لە م رابیتە یە کار دە کاتە سە ر رووح و گیانی ئینسان و د ە بیتە هوی ناراحە تی رووحی جوراوجور.

ئیستا بزانین مە زهە بە کان چون سە یری ئە م مە سە لە ئاسایی و ئینسانی یە دە کە ن. رابیتە ی جنسی لە نە زە ر مە زهە بە کانی یە هودیە ت، مە سیحیە ت و ئیسلام کاریکی پیس و شە رم هینە رە و تە نیا بو زیاد کردنی نەسلی ئینسانە. ئەم رابیتەیە بە ناشیرین دەزانری؛ بە راحەتی باسی ناکری و تا ئەو جیگایە ی کە دە کری لە گیرانە وە ی بە ئاشکرای هە ست و ئیحساس و لە ززە تی جنسی بە رگری د ەکری و بە نابە دل قسە ی لی دە کری.

لە وولاتانی دواکە توو و مە زهە بی دا ، بە گشتی ریگە ی قسە و باسی ئاشکرا و بی پە ردە لە سیکس و پیداویستی جنسی ئیسنان نیە. سیکس بە شتیکی پیس و بی ئە خلاقی نیو دە بری. هە ر بویە شە کە بنە مالە مە زهە بیە کان، ریگە نادە ن کە کور و کچە جوانکارە کانیان سە بارە ت بە سیکس و مە سائیلی جنسی ئاگادارییان پی بدری و دە لین: «نابی زە ینی منال لە م شتە بی ئە خلاقی یانە پر بکری و بە ریی هە لە دا ببرین. منال ئە بی لە فکری دە رس و مە کتە ب دا بیت، نە ک سیکس و دوست و دە زگیران پە یدا کردن».

دزیوی رابیتە ی جنسی ژن و پیاو لە ئایینی ئیسلام و یە هوود دا ئە وە ندە زە قە کە ژن و پیاو دە بی دوای لە گە ل یە ک خە وتن «غسل» بکە ن، واتە خویان پاک و خاوین بکە نە وە؛ چون سیکس لە خوی دا دزیو و ناپاکە! لە نیو مە سیحی یە کاتولیکە کان دا ، سیکس و رابیتە ی جنسی بو قە شە کان (کە شیش ) و راهیبە کان حە رام و گوناهیکی گە ورە یە و تە نانە ت ئە گە ر لە دنیای خە یالیش دا بیری لی بکەنەوە، دەبی برون تویە بکەن و ئەگەر پیویست بکات بو پاک بوونەوە لەو گوناهە ی کردوویانە، گیانیان بدە نە بە ر شە للاق.

هەواڵنامەی کتێب

## کونترولی سیکس ی ژن

له بنه ماله ی ئیسلامی دا، عیشق و خوشه ویستی بی مه عنایه و ئه وه ته نیا سیکس و ئه ندامی می ینه ی ژنه که معامله ی له سه ر ده کری. «ماره برین» له راستی دا په یمان نامه یه که بو به کویله یی گرتنی له ش و گیانی ژن؛ واته تا ئه و روژه ی که ژن زیندووه و له مالی میرده که ی دایه، له به رامبه ر خو به ده سته وه دان و سه رجی یی کردنی میرده که ی، نفقه و نانی روژانه وه ربگری! ژن له م بنه ماله یه دا بوی نیه بی ئیجازه ی شووه که ی ته نانه ت هات و چوی دایک و باوکیشی بکات.
یاسای مه زهه بی، (چ ئیسلامی و چ یه هوودی) ژنان له ده رخستنی له ش و ته نانه ت مووی سه ر منع ده که ن. ژن ده بی پرچه کانی داپووشی، چونکه ده بیته هوی تحریکی جنسی پیاوان! ئه وه ته نیا «خاوه نی» ژن، واته شووه که یه تی که بوی هه یه له شی ژن ببینی و ئیستفاده ی جنسی لی بکا. ده رکه وتنی له شی ژن بو پیاوی تر حه رام و گوناهه و ده بیته هوی سزادانی. ژنی «باش» ئه و که سه یه که نویژ و روژووی خوی بگری و له شووه که ی خوی، له خاوه نه که ی ئیتاعه تی کامل بکات! ئه گه ر که سیک بیه وی ئه و جه هه ننه مه ببینی که له ئاکامی پیاده کردنی ئه م جوره یاسا و بوچوونه نائینسانی یه بو ژنان به رپا کراوه، ده توانی سه ریکی ئیران و ئه فغانستان بکات.

### پوشاکی ئیسلامی

به پیی ئیسلام، ژنان ده بی به ره سمی ئیسلامی خویان داپوشن. واته پرچیان دیار نه بی و له شیان به ته واوی داپوشرابی. حجابی ئیسلامی ئه و پوشاکه یه که ئه م مه به سته به جی ده گه یه نی. که سی وا هه یه که ئیددیعا ده کا و ده لی که ئه مه ش شیوه یه کی جل وبه رگه و ئه وه ژن خویه تی که ئه م لیباسه ی هه لبژاردووه . به لام ئه م لیباسه، وه ک هه ر لیباسیکی ئاسایی تر نیه به لکوو لیباسیکی مه زهه بی یه؛ سیمبولیکه له به که م دانان و سووکایه تی به زاتی ئینسانی ژن. ئه م لیباسه پیشانده ری کویله تی ژن و جنسیه تی له لایه ن سیستمی پیاوسالارانه و ئایینی یه وه یه که کونترولی هه میشه و دایمی ژن یه کیک له ئه رکه بناغه یی یه کانیه تی.
لیباسی ئیسلامی که سه رتاپای ژن زیندانی ده کا؛ مانای تایبه تی خوی هه یه و ئه ویش تی روانینی کالایی و جنسی به له ش و گیانی ژنه. مانای ئه م پوششه خستنه ژیر کونترولی فکر و کرده وه ی ژن و ده ست به سه رداگرتنی له لایه ن پیاوه ؛ پیاویک که یا شووه که یه تی یان باوک یان برایه تی و وه کوو خاوه نیک به سه ری دا ده گورینی. ئیتر ژن ده بی به پیی ویستی ئه وان بجوولیته وه؛ نامه حره م له ش و مووی نه بینی و پیکه نین و ده نگی نه بیستی. ئه مه ویستی خوایه و خواش پیاوه !
به م جوره ژن به هوی لیباسی ئیسلامی یه وه وه کوو کالایه ک له چاوی «بیگانه» حه شار ده دری؛ یان به ته واوی له چوارچیوه ی مال دا حه پس ده کری بو ئه وه ی ده ست و نیگای هیچ بیگانه یه کی پی نه گات

هەموالنامەی کتێب

و هه‌نگاویک به خه‌تا هه‌لنه‌گری. له‌ش و گیانی ژن وه‌کو دارایی یه‌ک که هی پیاوه ده پاریزری تا هیچ که س غه یری خاوه نه که ی نه توانی خوشی لی ببینی. ناموس و «شه ره ف» له راستی دا هیچ نیه غه یری ئه و ژنه ی که گیان و جنسیه تی کراوه به کالا. ناموس په رستی زور غلیظ ی پیاوان له وولاتانی مه زهه بی دا، سه رچاوه که ی ده گه ریته وه سه ر ئه م بوچوونه کالایی و مه زهه بی و پیاوسالارانه یه.

### په‌رده‌ی کچینی

یه‌کیکی تر له‌و تاوانانه که بو خستنه ژیر کونترولی سیکسی ژنان؛ ده‌رحه‌ق به ژنان ده کری، کچینی (کچ مانه‌وه‌ی ژنان) ژنانه. کچینی ژنان له وولاتانی مه‌زهه‌بی و سوونه‌تی دا مه‌سه‌له‌ی مان و نه مانه. کچیک که له شه وی زه ماوه ندی دا په رده ی کچینی نه مابی؛ تووشی وه حشیانه ترین ئه زیه ت و ئازار و سووکایه تی پی کردن ده بی و له وانه یه سه ریشی تیدا بچی. په رده ی کچینی توقیکه له ملی ژن دا؛ توقیک که ناوی شه‌ره‌ف و ناموس‌ی لی نراوه. کچیک که ئه‌م توقه له ملی دابرنی و رازی نه‌بی که وه‌ک کالای ده‌س لی‌نه‌دراوی که‌س و کار یا شووی داهاتووی مامه‌له‌ی له گه‌ل بکری، ده‌که‌ویته به‌ر غه‌زه‌بی کومه‌لگای سوننه‌تی؛ چون ئه‌م کاره بناخه‌کانی بنه‌ماله ی به‌پیروزکراوی سوونه تی و مه زهه بی هه لده ته کینی!

### له بار بردنی منال (سقط جنین)

مه سه له ی له بار بردنی منال شیوه یه کی تره بو کونترولی سیکس ی ژن. له زوربه ی ئه و وولاتانه ی که مه زهه ب تیای دا ده ستیکی بالای هه یه، ژنان مافی بریاردان له سه ر مندالدار بوون یا نه بوونی خویان نیه. ئه وان ناتوانن به بی مه یلی شووه که یان، منال له بار ببه ن، هه ر چه ن سه ره رای مه یلی خویان حامله بووبن. له وولاتانی غه‌رب‌دا که ژنان توانیویانه ئه‌م مافه به ده‌س بینن، هه میشه له لایه ن تاقمی مه زهه بی جوراوجوره وه هه ره شه یان لی ده کری. له ئامریکا هه موو سالی گه لیک خه سته خانه که (سقط جنین) تیایان دا ده کری، ده که ونه به ر هیرشی تاقمی مه زهه بی و تا ئیستا زور دوکتور و نیرسیش گیانیان له م هیرشانه دا له ده ست داوه.

## خه‌ته‌نه کردن و دورینه‌وه‌ی ئاله‌تی جنسی ژن

ئه م ئاکاره وه حشیانه به ئاشکرا بو کونترولی سیکس ی ژن و بو که م کردنه وه ی مه یلی جنسی ژنه. برینی کلیتوریس خالی هاوبه شی ئه م کاره یه که له هه ندیک له وولاتانی ئافریقایی وه کوو سومالی و میسر و باقی وولاتانی ئیسلامی (سوونی مه‌زهه‌ب) ده‌کری. له وولاتانی ئافریقایی، سه‌ره رای برینی کلیتوریس، ئاله تی جنسی کچ ده دوورنه وه و ته نیا به ئه ندازه ی نووکی شقارته یه ک ریگه بو میز کردن ده هیلینه وه. ئه م کاره دژی ئینسانی یه ش ته نیا بو ئه وه یه که کچ تا به ر له شووکردن نه توانی له گه ل

هیچ پیاویک رابیته ی جنسی ببیت.

## سەرمایەداری غەیری مەزهەبی، رووی دووهەمی هەمان دراوە

لە وولاتانی غەیری مەزهەبی دا ژن وەکوو کالایەکی عەنتیکە و نایاب لە بازاری سەرمایەدا پیشکەش دەکری. کالایەکە (واتە ژن) لیرەدا لە بەر چاوی گشت دادەنری، دەکردری و دەفروشری. سە نعە تی پورنو (فروشی فیلم و عە کسی رووتی ژن و سیکس بە گشتی) ئاشکراترین شیوە ی کەلک وەرگرتنە لە ژن وەکوو کالا و وەسیلەی سیکس. دەرهینانی فیلمی پورنو لە کاتی تە جاوە ز بە ژنان یە کیک لە پیس ترین سە رچاوە کانی داهاتی سە رمایە داران و دە لالانی فروشی فیلمی سیکسی یە. لە م فیلمانە دا ژن بە وە حشیانە ترین شیوە لە ش و گیانی دە کە ویتە بە ر تە جاوزی ئاشکرا.

شکلیکی تر لە چە وساندنە وە و ئیهانە ت بە ژن، کە لک وە رگرتنە لە ژن و لایە نی سیکس ی ئە و، لە تە بلیغاتی تجارە تی دا(تبلیغ بو فروشی کالا). کە لک وە رگرتن لە لە شی رووتی ژنان بو تبلیغی کالای جوراوجور لە بەستەنی‌یەوە بگرە تا کامپیوتەر، شتیکە کە دایم بە سەر دارودیوار و رادیو وتەلەفیزیون و روژنامەکانەوە دەبیینین. هەروەکوو لە پیشتر دا ووتم، سکس و رابیتەی جنسی شتیکی زە رووری یە بو هە ر ئینسانیک؛ شتیکە کە خوشی و شادی بە ئینسان دە بە خشی. کاربە دە ستان و دە رهینە رانی فیلم و بە رهە می تە بلیغی تجارە تی، زور بە باشی ئە مە دە زانن و هەر بە م هویە شە کە لە سیکس ی ژن بو پە یدا کردنی بازار بو کالاکانیان کە لک وە ردە گرن. بو وینە بو تبلیغی شامپو، سابون، کریم و ... لە پە یکە ر و پرچی جوانی ژنانی مودیل کە لک وە ر دە گیری. کومپانیاکانی تەبلیغی کالا، بە ئەنگوست دانان لە سەر هەستی جنسی و بزرواندنی ئەو هەستە، بینەری تەبلیغاتەکە دە خە نە وە بیری ئە و تە جرە بە خوش و شادی هینە رانە کە لە سیکس بوویە تی. بە م جورە کالایە کە و بیرە وە ری خوشی رابیتە ی جنسی بە یە کە وە پە یوە ند دە درین. بو نموونە بو تە بلیغی بە ستە نی، ژنیک دە خە نە بە رچاو کە بە لیوی سوور و سیکسی یە وە خە ریکی لیسینە وە ی بە ستە نی یە؛ و لە راستی دا دە یە وی رابیتە ی جنسی لە زە ینی بینە ر دا زیندوو بکاتە وە.

مەسەلەیەکی تر پەرەگرتنی کومپانیای فروشی ژنان وەکوو کویلەیە. ئەمرو، سەرەرای تەواوی دەسکەوتەکانی تمدنی بەشەری لە کوتایی سەدەی بیستەمدا، شاهیدی سەرهەلدانی دووبارە و ئاشکرای کویلەتین. لە وولاتانیکی وەکوو فیلیپین، تایلەند، تایوان، هیند و وولاتانی ئافریقایی، کومپانیاکانی مافیایی فروشی سیکس، بی شەرمانە ژنان وەکوو کویلە دەفروشن و تا حە دی مردن ئیستفادەی جنسی‌یان لیدەکەن. بە پیی ئامار ٨٠ تا ٩٠ لە سەدی ئەم ژنانە گیرودەی نەخوشی کوشندە ی «ئە یدز» ن. زوربە ی ئە م ژنانە کچانی هە ژاری دیهاتن کە بە هیوای پە یداکردنی کار و داهات، روو دەکەنە شارە گەورەکان و بە هوی بیکاری بی‌شمار و نەبوونی تەئمینی کومەلایەتی دەکەونە

داوی ده لالانی فروشی سیکس.

کاپیتالیزمی مه زهه بی و غه یره مه زهه بی، سه ره رای جیاوازی زاهیری یان سه باره ت به ژن، جنسیه ت و سیکس، پشت و رووی دراویکن. له لایه که وه، پرچ و له شی ژن ده خریته ژیر چارشیوی ره ش و حجابه وه؛ تاکوو وه ک کالایه کی ده ست لینه دراو، «خاوین» و بی ده سه لات له ژیر ده ستی خاوه نه که ی دا بمینیته وه. له لایه کی تره وه، بو ئیستفاده ی ئاشکرای جنسی و کوکردنه وه ی سه رمایه، ژن به رووتی له به رچاوی بینه ران داده نین. له هه ر دوو حاله ت دا ژن هه ر کالایه و ئینسانیه تی ورد ده کری و ده خریته ژیر پی.

له هه ر دوو ئه م سیستمه دا، ژن نه وه ک ئینسان به لکوو وه کوو کالا و جنس، کالایه ک که خوی هیچ مافیکی به سه ر له ش و گیانی خوی دانیه، سه یر ده کری. ئاشکرایه که لیره دا هیچ خه به ریک له مافی یه کسان و ئیمکاناتی به رابه ر له به ینی ژن و پیاودا نی یه. خالی هاوبه شی ئه م دوو سیستمه، له سه رمایه داری بوونیان دایه. ژن له هه ر دوو سیستمه که دا کالایه، وه سیله یه که بو دامرکاندنی مه یل و نیازی جنسی.

هەواڵنامەی کتێب

***

# کوترەکانی لە خوا یاغی

سلیمان قاسمیانی

هه ور له نیو چاوانیان دا
ده ریا له دل
ژین هه لواسراو به ده مه وه ن
کوتره سپیه شاریه کانم.

نه کات، کاته
نه شوین، روونه.
ئاسمان به ردی تی چنراوه و
په پووله شینه کانی من
هه لده وه رن
به سه ر باخه سارده کانی
ئاسن
چیمه نتوی
کون بر دا.

گورانیه کانم سه ر ده برن
له ئاست زه رده ی به یانی دا.
ده یانه وی
بالنده ی بیر
مل که چ کا بو ئاسمانی
نه زوکی ره ش
له به ر چاوی گشت عاله م دا!

ده یانه وی
هه ر چی هه لاله ی سووره هه یه
بخنکینم
له ژیر هه ناسه ی عه با دا و
سه ری ئاسکی نا ده سته موی
ووشه کانم
بخه مه سه ر به ردی ره شی

هەوالنامەی کتێب

قوچی قوربانی ئیبراهیم!

هو په پووله شینه کانی بال چنراوم
وا لیره وه
دوو فرمیسک و
هه زاران قه لبی ئاویته ی خوشه ویستی
به ریگه وه ن بو پیشوازی
کاروانی وه ری که وتووتان
به ره و باخی هه تاو گرتوو.

۲۸_۲_۹۵

***

هەواڵنامەی کتێب

# حەقتان چییە؟؟

ریبوار

لە کومە لە شیعری "چە ند لاپەرە لە دەفتەری بەرباخەڵ" پایزی ٩١ بلاوکراوەتەوە

حە قتان چی یە باسی هە لە بجە ی من دە کە ن؟
لە ئیوە بوو منال بە کول؟؟
لە ئیوە بوو دە ستی ماندوو؟؟
ئە و کە سە ی دە ستی کە فاوی
لە قاپی کاسە وکە وچک شورینیدا بوو؟؟
لە ئیوە بوو؟؟
لە ئیوە بوو منالی مە مکی دایک مژ؟؟

###

خو ئیوە دە میک بوو
وە تە ن
نیشتمانتان
سە روە ت و دین و ئیمانتان
نابووە ناو کیفە کانتان
یان سندووقی پشت سە یارە و
تی تان قووچاندبوو شارتان جی هیشتبوو!
حە قتان چی یە
تە رمە کانمان
ئە نینە سە ریە ک و ئە یبە ن
لە بازاری بومبا_فروشە کانا وا
ئە یدە نە بە ر داری حە راج؟؟
حە قتان چی یە
تە رمی من ئە کە نە پە یژە
بە رە و لووتکە ی دە سە لاتتان؟؟
حە قتان چی یە
لە پشت جە نازە کانمە وە

هەواڵنامەی کتێب

**حه شار ئه گرن تا گردانیکی تر له سته م**

**له ته نووری چه وسانه وه**

**له جه هه نته م**

**تاوبده نه وه بو گیانم؟!**

**ناماقوولتان کرد! ناهیلم**

**به سیه ئیترا!!**

**حوزه یرانی ۸۸**

***

هەواڵنامەی کتێب

# «لە یادی گیان بەختکردنی بەکر عەلی شاعیردا»

دارا

(١)

لە شەقامی حەپەساوی
نزیك ئەولاکولانەی وا
تیایدا یەکەم شیعر و عیشق و یەکەم خوزگەیان سەربری.
. لە حەسرەتا(ئەم شەو شیعر شتیك نالی)*

* * *

ئەم شەوانە
خەولە چاوم دەتورینن.
گەر ساتیکیش
پەپوولەی پیلوی ماندووی من چاو لیك بنی،
خەویکی توورە و راوەستاو
ئەم گیانەی مندەهەژینی و
لە سەرمەوە تا بنی پی
رادەچلەکی.

وانکووەر، ئەیلولی ١٩٩٦

* ناونیشانی شیعریکی "بەکر عەلی"

هەواڵنامەی کتێب

**(٢)**

خەیالی تو
وەکو خەونی ماسییەکە لە نیو حەوزی شوشە بەندا.
چاوەکانی، بیر لە دەریا و
سیەکانی، لە حەقیقەتی هەناسە و هەلمژینی ئوکسیجنی بیگەرد و پاك

په رەكانی لەشە پولی بی كوتابی.
(كوانی ئەی بالی هەمیشە، هەتا فرین دوور لە تور و لە پەلەپیتكەی ئامادەی سەر تفەنگ و لیواولیوی ئاسمانەكان تیر ئامیزكا.)

***

ئەی خەونی سەوز.
منیش هیشتا ماسیەكم وەك خەیالت.
روو لە مەنزلی دەگیرم.
كە سەراپای سەوزەلان بی،
نزیك كەناری خوش‌ویستن
كە لە خور هەلاتنەوە، تیر روناكی گوش گرتبی
تا ئاوا بوون.
من لەو كاتەی كە هیشتاكە
سروشتی فرینی ئاوم نەناسیبو
سەرم دەیدا لە شوشەبەند.
ئیوارەیەك
چاوەروانی ئاوابونی خورەتاو بووم
چاوەروانی بی حەسرەتی، چاوەروانی بی ئوقرەبی لە تاریكی.
لە گەل ئاوا بوونی ئەودا،
شەپولیك تیشكی روناكی
لە چاوانیك وەك چاوی خوم.
لە هەگبەشیا
شنەی هەوالیكی نوی‌ی
دا بە گویما.

ڤانكوڤەر ، كوتابی ١٩٩٦

***

هەواڵنامەی کتێب

# چاوگیران

مەشخەل

"بە سلاو بو هاوخەباتم لە پالایشگا نەوتی‌یەکانی ئیران"

لە تەلبەندی پشکوی خەونیکی رەنگاورەنگ،
دەروازەی زامیکی تازە خوی خستە نیو پیکەنینی خولەمیشیت
شادەماری خەمت تەقی و جامی پرسیارت لی ی رژا.
سیبەرەکانت ویل کرد و،
خوشەویستی سبەینی بوو، بە سیمای هەناسەت پژا!.
سەرت شور کردە نیو سینەت...
بونی نەوت و ئارەقەی کار، تالە مووە سپیەکانی ژاکاندبوو.
کە روانیتە کەلی ژیان.. دوو بزنە اللەی لە بەشەر نەچو..
بە چوار ویردی سواوی وەك بیر و سیمایان،
روحتیان لە خەم ئالاندبو.
چاوت گیرا.. بە چوار دەورا.. هەموو برینی پشت کومن.
چەپکە گری سەرمایەن و،
لیکاوی سووتانی مومن!
دوینی بەردەبازی شورش..، ئەمرو ئاسمانیکی نووتەك
دوینی ستەم لەرزین بوون و،
ئەمرو پەلە هەوری نالە، بو قامچی ئسلام و کوتەك!.
سەریکی یاخیت لەقاندو، ژانی هاوار چاوی پشکوت
"دەبی چەشنی ئنسان بژیم، نەك وەك گەدای سگ برسی ورووت".

***

هەوالنامەی کتێب

# غەم

بژار

له سه ر سفره ی هه ژاره کان
غه م
کولیره ی بازار نیه
به لام
له گه ل پارووياندا
به گه روودا ده چیته خوار
له په رداخ و
جام و
دولکه و
سووراحییان ... غه م ئاو نییه
به لام ئه ویش هه ر نوش ئه کری و
برین ئاساش
له ش ئه کاته لانه ی ئازار
غه م
نه هه نگه و، نه... په پوله
به لام
له ناو گولاله که ی
دلیان، دایم  شیله ئه مژی
نه... شه وگاری کوردستانه و
نه فتواکه ی ده م (ئه دهه م) ه
به لام
ره شه وه ک عه مامه و
چی تاریکی ناخیشیه تی
ئه بی له ناو
گلینه که ی ئه وان برژی

هەواڵنامەی کتێب

* * *

له کوردستان

گه ر پریاسکه ی

پیکه نینیش بکه یته وه

چه شنی گویزی

داوه راوی ناو هه ورامان

غه می که وتوو ده چنیته وه

گه ر بریسکه ی

کز و ماتی

چاوه کانیش کوبکه یته وه

غه مه کانی

هینده ووشه ت لا داده نین

چی

ده فته ری سپی گیانته

هه موی پی پر ده که یته وه

له کوردستان

هه موو رووژی

مروف ئه مری

ئاژه ل ئه مری

رووه ک ئه مری

به لام نابی بو چرکه یه ک

له ده رونی چه وساوه یه ک

غه م

وه رس بی و بیته ده ری

* * *

غه م به ته نیا

هه ر «گیاکه له ی» باخان نی یه

له ناویانا په ل بهاوی

له م سه رده مه شومه ی ئه وی

وه ک مووللووله

هەوالنامەی کتێب

وه ک بوری خوین
وه ک ماسولکه ش له دلیانا  ده رئه که وی
غه م
هه ر ئیستا
له مالانا  شایی ده کاو
له کارگه دا خه و راوئه نی
هیوا
ده کا به میرووله و
خویشی
کلاشی دوو سه روک
پی ی پیا ئه نی

❋ ❋ ❋

پی یان ووتم
له کوردستان
هه تا ئیستا پسپوره کان
چه ند جور غه میان
به جیهانی ئه مرو ناسان؟
ووتم هینده ی من بزانم
ژماره که ی
وا خوی ئه دا
له ژماره ی
ئه و کلاو و جامانانه ی
وان له سه ری پیشمه رگه دا
ووتیان بوچی
له م ئوردوگا به ربلاوه
له م زیندانه
ئه م غه مانه
وا بوونه ته
مه رگه ساتی ئه م ژیانه؟
ووتم چونکه

هەواڵنامەی کتێب

له میژه... وا
کوردایه تی ماچیان ئه کا و
ئیسلام له باوه شیان ئه گری و
چی نه ریتی کونیش هه یه
خوی بو کردوون به جولانه

مانگی دووی ۱۹۹۷

***

هەواڵنامەی کتێب

# ئیره كوردستانه

کاروان

٥٠ دولار + ٥٠ دینار به‌رابه‌ره به چوونه ژووره‌وه‌ی خارجیه‌ک له وولاتیکی ناموه بو وولاتیکی ناموی تر، ئیره کوردستانی باشوره.

کاتی خوی چه ند ئه وروپی یه ک که شاری که رکوکیان بینی بوو ووتبویان له ئیمه وایه که رکوک شاریکه له زیر دروست کراوه، جا ئه م هاوکیشه یه له گه ل هاوکیشه ی کوردستان و ئیبراهیم خه لیلیش دا هاوتا ئه بیته وه.

رژیمی به عث هه تا ئیستاش به دوو مه به ست شاری که رکوکی له رووی سیاسی یه وه نه بی له هه موو رووه کانی تره وه پشت گوی خستووه، یه که م له چاره نووسی سیاسی شاره که دوودله و دووه میش له به ر ئه وه ی زوربه ی دانیشتووانی که رکوک کوردن. جا حکومه ته که ی به ناو هه ریمیش هه ر له زاخووه تا هه له بجه و گه رمیانیش ئه گا، له که رکوک خراپتریان به سه ر کوردستان هیناوه.

ئیره باشووری کوردستانه، هیچ شتیک له شوینی خویدا نی یه ته نیا مه سئوله کان نه بی. قانوون و یاسا کراسی پیاوه نه خوشه که ی ده وله تی عوسمانی یان به به ردا برراوه و له هیز و جووله كه‌وتوون، شوسته و جاده‌کان به ورده‌فروش و عه‌ره‌بانه داپوشراون. ره‌شه‌به‌تاله‌ی بی شوماریش به ناو ئه‌مانه‌دا ئینتیحاری یانه گوزه ر ئه که ن و ته مه نی نامو و بیزاری یان له گه ل روژه سه خت و بی کوتایی یه کاندا لوول ئه که ن.

ئیره کوردستانی پر له مه‌سئوله و هیچ مه‌سئولیکیش خوی به مه‌سئول نازانیت به‌رامبه‌ر به به تاله کان، کارگه داخراوه کان، ئه منییه ت، دزی، یاسای هاتوچو، برسیتی و فه لاکه ته کانی تریش.

هه‌ر گه‌ره‌کی مه‌سئولی لی بی کاره‌بای به‌رده‌وامیشی هه‌یه. چایخانه و گازینوکان ژماره‌یان له زیادی‌یه و جمه‌یان دی.. له سه‌ر هه‌مووشیان نووسراوه «تکایه قه‌رز نی‌یه ته‌نانه‌ت بو توش». ئه وانه ی ئیواران ده چنه نادی و باره کان، میشکی جه نجالیان به ئاره قی فه ل زوخاو ئه به ن و هه موو هیوایه‌کیان ئه‌وه‌یه دوومبه‌له‌یان بو ده‌رچیت و پاره‌ی میزه‌که و چه‌ن جاریکی تریشیان بکه‌ویته به‌لاش.

په‌یوه‌ندی‌یه کومه‌لایه‌تی‌یه‌کان روو له پووکانه‌وه‌ن و په‌یوه‌ندی‌یه تجاری و مادی یه کان جیگایانی گرتوته وه. کومه ل، کومه لی دوو چینه + ورده حه ره فی و تجار.... چینی ناوه ند ده میکه شور بووه ته وه بو ناو چینه زور و زه به لاحه که ی کومه ل. به لام به داخه وه ئه مانه به شیکی که میان نه بی ئه وانی تر شوری نین؛ بابایه‌کی کپ و خاموشن؛ ئیواره‌ی لیهات گوی به رادیووه ئه‌نین و چاوه‌ریی ده‌ستی

ره حمه تی ئه مریکا و ئه وروپان. له وانه یه ناهه قیشیان نه بی؛ ئه وه نده ی قسه ی بریقه دار و ره نگاوره نگیان بیست، پشتوینی بی ئاسو و هیوایان لی کردوته وه.

دیاره حاکمه کانیش باش تی گه یشتوون چیدی که س گوی یان لی ناگری، بویه ته له فزیون و رادیوکانیان پر کردووه له گورانی منوعات، به لام روژنامه کان له به ر گرانی و دووه میش له به ر ئه وه ی که (Expajer)ٍ بوون که س نایان کری، مه سئول و حزبیه کان نه بی.

ئیره کوردستانی دوو دوو له ته. ئیره کوردستانی پر ئاواره ی لایه نگری هه ر دوو لایه. ئایا ئه‌زانن یه کی نزیکه ی ١٢ هه زار ئاواره ی یه کتریان هه یه! ئه وه ی چه کوشیکی بو هه رکامیان وه شاندبی ئه بی بچیته ژیر ده سه لاتی حزبه که ی خوی. مه سئولیکی به رز به ئافره تیکی ووتبو: «پیویست ناکات بچیت بو لای میرده که ت؛ ئه وه ی لای ئه و ده ستت ده که ویت لای ئیمه ش هه یه».

ئه و خه لکه له راده به ده ر ماندوه ی ئه و مه مله که ته، باوه ریان به هیچ هیوایه کی سیاسی ئه و حاکمانه نه ماوه. گه نجه کان تاران و ئه نقه ره و ئه سته نبول بووه ته ئامانجیان؛ خیزان و منال داره کانیش چاوه ریی جه لده ی (سه کته ) دل و ده ماغ ئه که ن که روژانه له ناویان دا رووئه دا. تاوانه که ی هه ولیر و گرتن و گرتنه وه ی سلیمانیش زور که سی حزبیشی په شیمان کردوته وه. هه ر دوو لا سه رسه ختانه هه ول ئه ده ن ئه و سیقه یه به ده ست بیننه وه؛ به لام هیچیان ئاسوی رووناکیان بو خه لک پی نیه؛ هاوکیشه کونه که ی نه شه ر و نه ئاشتی نه بی.

کومه لیکی زور له خه لک له ناچاری و له پیناوی نان دا حه ره که و رابطه ی ئیسلامیان لا بووه ته به دیل.

حه ره که ی ئیسلامی ئه لی، ئه وه ی پینج فه رزه له «مزگه وت» واته به به رچاوی خویانه وه نویژ بکا، مانگی هه زار دینار وه رئه گری. جا هه ندی له دایکه کان بو زوو له خه و هه لسانی مناله ده سالانه کانیان زور جار تووشی ناره حه تی ئه بن، چوونکه مناله که ی تیرخه و نه بووه و ئه گه ر نه شچیت له مه عاشه که ی ئه برن.

رابطه ی ئیسلامیش ئه لی، ئه وه ی سه رپوش به سه ری دا بدا هه زار دیناری ئه دریتی به مه رجی له ماله وه ش سه رپوشه که ی لانه با! حه ره که ی ئیسلامی هه ر شوری یانه له گه ل خه لکی بی ده ره تاندا ئه جوولیته وه و له سه ر چاره کی ئاره قیش دار و فه لاقه ی ئینسانه کان ئه که ن. وه ک خویان ئه لین: «جه هه ننه مت پی پیشان ئه ده ین»، به لام رابطه ی ئیسلامی سلمی یه و کاری خوی به سه رپوش و مزگه وت و نان ئه باته پیشه وه.

نانی، منه ت باری به دیکت کا
چ نانیکه؟!
نه مانی چاکه مانی وا

خو ئه گه ر ما

چ مانیکه.

ئه وه کاکه ی فه للاح وا ئه لی؛ منیش دووباره ئه یلیمه وه. ئیره کوردستانی بی جووله یه. هیچ ده زگا و دائیره یه ک کاری ئاسایی خوی ناکات، خه سته خانه کان پر له نه خوشن و ده رمان هه یه و نی یه و گرانه.... قطاعی عام (به شی ده وله تی) بووه ته کلاسیک و قطاعی خاص وه ک سه عاتی سویسری ئیش ئه کات. له هه ندی له قوتابخانه ئاماده یی یه کاندا ژماره ی ماموستاکان له قووتابی یه کان زیاترن. هه ر قووتابی یه و به نیازی کار و نان ده ست که وتن واز له قوتابخانه دینن؛ کورپه ی باوه ش دایکه کان ره نگیان له ره نگی دایکیان زه رد و بور تره.

ئیره کوردستانی پر حاکم و بی شیرازه یه

ئیره کوردستانی پر نان و برسی یه

ئیره کوردستانی شورشیکه که سیسته می ته قلیدی و باو له ناو به ری و کار و نانیک بو هه مووان فه راهه م کات.

***

هەواڵنامەی کتێب

# له گه‌رووی سیلو دا

ریبوار

ئه م داستانه له  سه ر ئه ساسی رووداویکی واقیعی ساله کانی ۱۹۸۰ له کوردستان نووسراوه.

تازه تیشکی تاوی به ر به یان له پشت به نده نه وه، خه ریکی راونانی ئاخرین تارماییه کانی له شکری تاریکی،  په لی بو ئاسمان هاویشتبوو که جه لال به ره و شیرکه ت ملی ریی گرتبوو. له م دی یه وه هه تا شیرکه ت نیو سه عاتیک ده بوو. جه‌لال که به دلی خالی ریکه‌وتبوو سه‌ری له گیژه‌وه ده‌هات و جارجاره به رچاوی ره‌ش ده‌بوو. دایکی هه‌میشه ده یگوت "ئه گه ر هه ر ته نیا تاویک زووتر هه ستی، ده توانی ناشتایه ک بکه ی، با دلت خالی نه‌بی روله گیان؛ خو روژ و دوو روژ نیه؛ تیداده چی"

به لام جه لال، شه و ماندوو و مردوو له کار ده هاته وه، هه تا سه ریکی له دوست و ره فیق ده دا و دوو قسه ی له گه ل ده گورینه وه ده که وته دره نگ و به یانیش خو هیشتا ئه ستیره به ئاسمانه وه بوو هه لده‌ستا به لام کار هینده زوو ده ست پی ده‌کرا فریا نه‌ده‌که‌وت دوو تیکه به‌ردل بخا، ئه‌شیا ریی گرتایه‌ته به را!  ئیستاش هینده خیرا ده رویشت که که وشه چه که کانی زوو زوو له پیی ده رده هات.

خور ئاگری به ر دابووه سه ران، به لام هیشتا دانه به زیبووه نیو دوله کان و هیشتا داروده خت فینکایی شه وی تیدا مابوو که جه لال گه یشتبووه سه ر کاره که ی.

_مه رحه با جه لال؛ ئه م هه ناسه برکی ته له چی یه؟ وادیاره هه ر له ئیستاوه له جیاتی مه رحه بایی ئه بی ماندوونه بینیت لی بکه ین!
_مه رحه با سه رچاو عه زیز؛ خو ئه م سه ره و ژووره برس له به شه ر ده بری.
به عاده‌تی هه‌مووروژیک که‌واکه‌ی داکه‌ند و به‌په‌لیکه‌وه ئاویزانی‌کرد و به‌ده‌م چاک‌وخوشی‌کردنه‌وه له‌گه‌ل هاوکاره کانی چووه سه ر کاره که ی له سه ر ده سگای سیلوکه.

مسته فا، بیلی لودره‌که‌ی پر کردبوو له ماسه و خه ریک بوو به ره و سیلوی ده هینا. جا ئه ویش عاده تیکی بوو، هه‌میشه بیلی لودره‌که‌ی پر پر ده‌کرد. هه‌رچه‌ندی جه‌لال ده‌یگوت "بابه که‌می تیکه، خو قه رزدار نیت"، فایده ی نه بوو. ئه مجاره ش پر بر به بیله که ماسه ی کرده نیو ده سگای سیلو. ده سگای چی؛ به قه د ژووریکی سی له چوار، هیشتا گه‌وره‌تریش، بوو. جه‌لالیش له‌و سه‌ره، شاخه‌یه‌ک ئارماتور به ده‌سته‌وه، خه ریک بوو به رده درشته کانی له ماسه‌که ده‌بژارد که له کونی خواره‌وه‌ی ده‌سگای سیلوکه‌دا گیر نه‌کا. زیخ و چه‌و له‌و کونه‌وه ده‌رژایه سه‌ر ته سمه یه کی پلاستیکی و له وی وه ده برایه نیو ده سگای تیکه ل کردنی قیر و ماسه و ئاسفالتی لی دروست ده کرا.

هەواڵنامەی کتێب

جه لال سه ری له گیژه وه ده هات و به رچاوی ره ش ده چووه وه. له برسان و له به ر بی گریکي خه ریک بوو ده بوورایه وه. ئارماتوره که به ده ستی یه وه قورسایی ده کرد. چاویکی له سه عاته که ی کرد، هیشتا سه عات هه شت بوو. کاتی چاخواردنه وه نزیک ده بووه وه. ئه میش ده یتوانی له به ینی دا ناشتایه کی بکردایه. فکری خوی کو کرده وه سه ر کاره که ی. هه ر چاویکی کلا بخستایه به س بوو که چه ند به ردی درشت گللیر بیته وه به ره و گه رووی سیلو و گیری پی بکا. له م به رچاو ره شبوونه که ی تردا چه ند به ردیکی نه گبه ت خزانه خواره وه. جه لال به ئارماتوره که وه په لاماری دانی به لام به رده کان یه کجار لووس و قورس بوون. "ده ی... ده ی..." فایده ی نه بوو! خه ریک بوو له شان وقول ده که وت. "ئه گه ر هه ر یه ک تیکه ناشتام کردبووایه..." به ده م ئه م فکره وه ته کانیکی تری به ئارماتوره که داو به رده نه گبه ته کانی له گه رووی سیلو دوور خسته وه. "ئاوا...". هه ر له م کاته دا مسته فا، به لودره که یه وه گه یشت و بیلیکی پر به پری ماسه ی رژانده نیو ده سگاکه و دیاربوو زوریش ماندوو بوو بویه هه ندیک زووتریش لودره که ی راوه ستاندو دابه زی و بو چاخواردنه وه. جه لال هه ر شان وقولی ده کوتا و بی پشو له گه ل به رده زل و لووسه کان خه ریک بوو نه کا بگیرینه گه رووی سیلوکه. به لام ده ست وبالی بو نه ده سووراو ئارماتور به م لاوبه ولادا ده چوو؛ وه ک به قسه ی نه کا ئاوا. ئاره قی ره ش و شینی ده ردابوو. به رچاوی زوو زوو ره ش ده چووه وه. هه ر نه یزانی چلون ئارماتوری له ده ست به ربووه وه. هه لمه تی دا بیگریته وه، خویشی به شوینی ئارماتوردا گلایه خواره وه. پیش ئه وه ی فریابکه وی هاواریک بکا بوو به ژیر خه رواریک زیخ وچه وه وه و به رو خوار به ره و گه رووی سیلو لوول درا.

"بزانه چون بوم به قوربانی گیرفانی مووسه وی!؟" ئه م وت و ویره یه گورج به خه یالی جه لال دا تیپه ری "ئیستا که س چووزانی من که وتوومه ئه م توونه وه! ده نگیشم خو ده رنایه ... بلیی که س نه زانی و من له ژیر ئه م هه ره سه زیخ و به رده دا بپلیشیمه وه؟! هه روا به ده م وت وویره وه ته کانیشی ده دا خوی بکیشیته سه ر به لام نه یده توانی. سه رباری سه نگایی خه روار_خه روار زیخ وچه و، خه یال و خه ته ره ی که س و کاری _که ئه گه ر ئه م تیدابچی چی یان به سه ردی_ باری گرانی گرانتر ده کرد... "دایکه دایم ده رده داره که م؛ باوکه هه ژاره پیره که م؛ زارای خوشی نه دیو؛ ورده له کان؛... چی یان لی دی؟ جه مال، چه نده ره فیقی مان خوش بوو... دیسان ویستی هاواریک بکا به لام نه ک هه ر ده می نه کرایه وه، به لکوو خه ریک بوو چاویشی ده رده هات. سووریکی خوارد و ده می کرده وه به لام ده می پربوو له خول وزیخ و لاقی داچووه نیو گه رووه ته نگه که ی سیلو که ئه ویش هیند ته نگه به ر بوو که ده ره تانی ده ربازبوونیکی لی به دی نه ده کرا. له ژیر سه نگایی زیخ وچه وداو له نیو ته نگانه ی زاری ته نگه به ری سیلودا، هه وه ک خوی، وه ک کارگه ریک له ژیر باری مه ینه تی کومه لدا، له چوارده وره وه زه ختی بو هاتبوو. سه ری، سینگی، چاوه کانی، هه ردوو شانی، زکی، پشتی، په راسوو به په راسووی ده یزیراند و هه ناسه ی ته نگ ببوو. برسیه تی ش سه رباری گشتی! ته قه للادان بی فایده بوو؛ ده سته کانی هه ل نه ده هاتنه وه هه لیش بهاتایه نه وه خو نه یانده توانی چاری ئه و باره گرانه بکه ن! هه موو هیزی له لاقی دا کو کرده وه و زیخ وچه وی به پی پال پیوه نا به شکه م له خواره وه ده ره تانیک بکاته وه. که وشه چه که کانی له پی داکنیا و تایه کی به گه رووی سیلودا خزایه خواره وه و که وته سه ر ته سمه ی راگویزان و لاقی رووتی به گه رووی سیلودا شور بووه وه.

ره نگ بی به هه موویه وه یه ک ده قیقه ی نه بردبی به لام لای جه لال له سه عات و روژیش زیاتر ده ینواند. هه ردوو چاوی خه ریک بوون ده رده په رین. بیری ده کرده وه: "یانی هیچکه س نازانی و من ئا له م گوره وشاره دا ده مرم؟ دایکم؟ باوکم؟ خوشکه که م؟ چی یان به سه ردی دوای من؟ شین و روو هیچ، چلون گوزه ران بکه ن؟ یانی هیچکه س نه یزانیوه؟ هیچ نه بی جه مال، جه مال ئه گه ر زانیبیتی کاریک هه رده کا. ئه ویش، فه قیره، زه ماوه ندی به ده سته وه یه، من ئاوا بمرم، زه ماوه ندی ئه ویش په کی ده که وی. هه ر تاقه نه فه ریک، هه ر یه ک نه فه ر بیزانیایه پیم... من ته نانه ت فریای هاوارکردنیکیش نه که وتم. ئه م برسیه تی یه خواگرتووه ئای چون برستی بریم..."

بایه کی فینک ژیر پیی جه لالی ده لسته وه. که وته وه بیری که وشه که ی " تاکه وشه که م، ئاخو ئیستا له کوی بی؟ بلیی به سه ر ته سمه که دا گه یشتبیته به رده ستی ره حمان که له سه ر ته سمه که کار ده کا؟ بلیی ئه و تاکه وشه نه گبه ته که هینده م رق بوو لیی له م ته نگانه یه دا فریام بکه وی؟..."

## ۳۰

تاکه وشه که ی جه لال به سه ر ته سمه که دا گلینکی ده دا. ده تگوت به په له یه زوو خوی به ره حمان بگه یه نی و به زمانی حال تیی بگه یه نی له حال و روژی جه لال.

ـئا ئه مه تا که وشه که ی جه لاله! وانیه عه زیز؟ به ری وه للا خویه تی، ئه و نیه؟

ـفره ی ده وه سه ر بوی، نه کا دلی بوی ته نگ بی، عه زیز ئه مه ی گوت و زه رده یه کی کردو سه ری به رز کرده وه بزانی جه لال له وسه ره چ ده کا "باوه ر ده که ی خوی دیار نیه، ره حمان."

ـدیار نیه؟ بیت و نه بی... ، ره حمان دلی نه هات فکره که ی به ده نگی به رز بلی و چه واشه ته ماشای سه ره وه ی کرد "راست ده که ی نیه ...، بلیی ... بلیی که وتبیته خواره وه؟!" ئه مه ی گوت و به په له ته سمه که ی له کارخست و عه زیزیش به شوینی دا، هاتنه ده ر له پشت ده زگاو هه ر یه که بوخوی بانگی ده کرد:

ـجه لال! جه لال! له کویی؟

ـخه به رتان له جه لال نیه؟

به لام جه لال دیار نه بوو! نه له سه ر ده سگای سیلو بوو، نه له و ده وروپشته! بلیی هه روا چووبی ئیسراحه تیک بکا؟ ئه ی بو هیچی به که س نه گوتوه؟ گوایه هه روا ده سگا که جی دیلی و ده روا؟ که ی جه لال هینده که مته رخه م بووه!؟

عه زیز چووه سه ر سیلو و چاویکی له ناو ده سگاکه ش کرد. زیخ وچه و نه بی، که له نیو ده سگادا خولی ده خوارد، هیچ دیار نه بوو. جه مال و سه عیدیش که به ده نگی عه زیز و ره حمانه وه هاتبوون، به هه لاتن خویان گه یاند. سه عیدیش سه ری ده کیشایه هه موو شوینیک و په سای په س بانگی ده کرد "جه لال! جه لال!". ره حمان له ژیر ده سگای سیلووه وه چاویکی له ده سگاکه کرد. پیی رووتی جه لال له گه رووی سیلووه وه شور ببوه وه و جارجاره جوولە یه کی ده کرد:

ـئه ی هاوارم هه ی، ففریاکه ون! جه لال ئه وه تا له ژێر، له گگه رووی سیلووه که دا گیری کردوه، ره حمان ئه مه ی به هاوارو توره ـ تور گوت، "ده ی خیرا، چی یه ئه وه جه مال؟ خیرا برو بلی به وه ستا که مال ده سگاکه بکوژینیته وه" به لام جه مال ئه ژنوی شکابوو! ناچار خوی به په له هه لات به ره ولای وه ستا که مال و هه ر له دووره وه هه رای لی کرد که ده سگاکه بکوژینیته وه. مسته فا زیاتر له هه موان په شوکابوو. وه ک بلیی خوی به خه تابار بزانی، وه ک بلیی ئه و جه لالی کردوه به ژیر ئه و هه مووه زیخ و چه وه وه. وه ستا که مال به په له ده سگای کوژانده وه به لام هیشتا نه یده زانی ماجه را چی یه به شوین عه زیزدا خوی گه یانده پیی ده سگاکه و پیویستی به گوتن نه بوو دیار بوو شتیکی ئاسته م قه وماوه. ره حمان بانگی وه ستاکه مالی حه به ساوی کرد:"مه حته لی چیت؟ ئه وه جه لاله بووه به ژیر هه زار خه روار زیخ وچه وه وه. خیرا ته سمه که بخه ره وه کار با ژیر پیی ئازاد بی بتوانین کاریک بکه ین". وه ستاکه مال چاک حالی له ئه سلی ماجه را نه بوو به لام ئیستا وه ختی لیکولینه وه نه بوو، به په له گه رایه وه و ته سمه که ی خسته وه گه ر.

هه موو کارگه ره کان کاریان جی هیشتبوو. چه ند که سیک چووبوونه نیو ده زگاکه وه و به بیل و ته نانه ت به ده ستیش

هەواڵنامەی کتێب

خەریکی دەردانی زیخ‌وچەو بوون. یەک‌دوانیک، کە فریای ئەوە نەکەوتبوون، گوزە لە ئاویان هینابوو کە هەرجە لال نەجاتی بوو ئاوی بدەنی. بەلام هەندیک تەنانەت فریای ئەوەش نەکەتبوون و هەروا دەستەپاچە راوەستابوون نەیاندەزانی چ بکەن.

ئالەم وەختەدا موهەندیس مووسەوی خاوەن شیرکەت پەیدا بوو.

ـئەمە چ رومەلخە زایە کە بو خاتری خوا. بو دەسگا خاموشە؟ بو هەمووتان کارتان بەجی هیشتوە و...

موهەندیس فریانەکەوت بولەـبولەکەی تەواوکا کە هەرکەسە لەلایەکەوە بەتوورەیی جوابی دەدایەوە و حالی یان دەکرد کە "چ رومەلخە زایە کە". موهەندیس دیسانیش، لەلایەکەوە بو ئەوەی ترسی پیشووی لە کارراگرتنی کارگەرەکان بشاریتەوە و لەلایەکیشەوە هەر پیپی عاربوو، خوی نەشکاندەوە و بی ئەوەی تەماع و خوبەزل زانی ریی پی بداوەک ئینسانیک لە فیکری گیانی ئینسانیکی گیروەدا بی، هەر بەو شیوە بیزهەستینە دریژەی بە بولەـبولەکەی دا:

ـمەعنای نیە! جا ئەگەر هەرکەسە چاو لە کارەکەی بخافلینی و پیی هەلخزی ئیوە هەموو کارەکە جی بیلن داربەسەر بەردەوە نامینی! ئیستا ئەمە قەوماوە موقەددەر بووە، دووکەستان خەریکی دەرهینانی بن و باقی تر بچنەوە سەر کارەکانتان، ئیتر!

رەحمان چوو بەگەرووی موهەندیسدا:" کام خلافاندن ئاغای موهەندیس!؟ کاری لە جەلال لەهی دوو نەفەریش قورسترە، هەر بویەش کەوتووەتە خوارەوە!

مووسەوی هەنگاویک چووە دواوە:

ـخو من گوتم دوانتان دەری بینن؛ خو نالیم هەمووتان لیی گەرین!

جەمال گوررانی:

ـکاری وا کاری یەک دوو نەفەرە؟! دەردانی سەد خەروار زیخ وچەوە؟! رەنگە جەنابت هیندە خیرابی...

عەزیز گوتی:

ـبیزەحمەت خوت لادە، ئاغای موهەندیس، با کارەکەمان بکەین. ئەگەر تو دەربەستی جەلال نیت ئیمە هەین.

مستەفا بەدەم دەردانی زیخ‌وچەوەوە، تەماشایەکی بوغزاوی موهەندیسی کرد. موهەندیس دەست بەردار نەبوو، بەتەمابوو دیسان قسە بکا کە بیلـبەدەستیک لە دواوە بە بیلیک کە بە دەستیەوە بوو کیشای بە نیوشانی داو بیلەکەی فری دا. موسەوی لە تریکی داو کارگەرەکان پیکەنین. مووسەوی کلاوەکەی کە داکەوتبوو هەلیگرتەوە و تەماشایەکی دەورو پشتی کرد بەلام نەیتوانی شک بو کەسیک بەری. هەر بیل بەدەست و دەست‌خالی زوربوو کە بەزەردەی تەوسەوە تەماشای دەکردو ئەم بەرئەوبەری دەکرد خەریکی کاریک بوو بو دەرهینانی جەلال. جەنابی موهەندیس، کاتیک زیاتر لە گورگ ئاوریکی لە دەست نەهات، نەکا لەوەش زیاتر سووکایەتی ببینی، خوی گووشی و دەربازبوو.

چەند دەقیقەیەکی دەستوبردی جەماوری خەروارـخەروار زیخ وچەوی دەرەدا و دوای تاویک سەرو ملی جەلال، کوور و ماندو لە ژیر زیخ وچەوەوە دەرکەوت. ئەمجار خویشی توانی تەکانیک بدا و چاویک بترووکینی. قوزە و پژمە و تف کردنەوەی زیخ‌وچەو لەلایەکەوە کارگەرەکانی هینابووە خوشحالی و پیکەنین کە دیارە جەلال زیندووە و گورر و تینیکی تیدا ماوە، لەلایەکیشەوە، بەزەیی یان بە جەلال دەهاتەوە و ئەم دوو هەستە لە کیشمەکیشیکدا هەستیکی جەماوەری غەریبی خولقاندبوو:

ـچونی جەلال؟ ئەمجارەش بوویتەوە!

جەماعەت سەریان دەنایە سەر جەلال و بەدەم تەقەللاوە بو دەرهینانی یەکجاری شوخی و سوعبە تیشیان لەگەل

دەکرد. ئیستا ئیتر سەرو ملی تەواو ئازاد ببوو بەلام هیشتا نەیدەتوانی ملی بەباشی راست کاتە وە. بە دە نگیکی نە وی گوتی:

_بە قوربانی دە ستان بم نە ختیک خیراتر، خە ریکم یە کجاری بخنکیم.

هە ر ئە م دوو کە لیمە ی جە لال قریوە یە کی خستە نیو جە ماعە ت و تە نانە ت فرمیسکی شادی هینایە سە ر پیلوی چاوی هە ندیک. بە گورتر لە پیشوو هە روا زیخ وچە ویان دە ردە دا و

یەک دوانیک بەمورە_مور گورانی یان دەگوت. بەلام ناکاو ئەو زیخوچەوەی بە دیواری سیلودا هەلیان دابووەوە هە رە سی هینا و جە لال دیسانە وە بووە وە بە ژیریە وە.

دیسان هیرشیکیتر پیویست بوو. شانو قولی کارگەرەکانی بو نەجات دانی هاوریکەیان ماندوویی نەدەناسی. ئە مجارە یە کجار گورج تر لە پیشوو زیخ وچە ویان دالاوە و جە لالیان لە ژیر دە رکیشا. رە حمان نەوی لە ژیربالی جە لال و بە یارمە تی مستە فا کیشایە سە ر.

###

کارگە رە کان، هە رکامە بە جیا سە رومل و شان و قولی جە لالیان دە تە کاند و ئاویان بو دینا. جە مال دە سرە یە کی بەدەستەوە بوو بو تەکاندنی وردەزیخ لە قژەکانی جەلال. خویشی حالیکی باشتری نەبوو، دەتگوت لە گور دە رکیشراوە تە وە. ئە ژنوی دە لە رزی و بە دە ورویشتی جە لالدا دە هات، وە ک بلیی دووبارە جە لالی دە سکە وتبیتە وە، بە هە ستیکی تیکە لاو لە خە م و شادی ژیربالی جە لالی گرت و لە گە ل رە حمان، کە ژیر ئە وبالە کە ی گرتبوو، بە ئاگاداری یە کی تە واوە وە، بە شیوە یە ک کە زور نە کە ویتە سە ر شان ومل و پشتی و ژان و ئازاری ئە ندامی کوتراوی زیاتر نە بی، بردیان بە رە و ئاوایی نزیک شیرکە ت و باقی تریش لە گە لیان دە چوون و قسە و پیکە نین و قال وقریویان دول ودە ری پرکردبوو. جە لالیش بە دە نگیکی لاواز، وە کو کە سیک کە لە نە خوشینیکی دووورودریژ هە ستابیتە وە، شوخی دە کرد:

_جە مال خو ئە گە ر بمزانیایە ئە و تاکە وشە نە گبە تە روژیک ئاوا فریام دە کە وی، ئاوا بی قە در تە ماشام نە دە کرد. ئە ی بارە قە للا تاکە وش گیان.

رە فیقە کان لە دلە وە پی کە نین. جە مال گوتی:

_ئە مجارە ش لە سایە ی سە ر تاکە وشە تە وە بوویتە وە.

خە لکی ئە و دە ورە، چ ئە وانە ی لە سە ر زە وی یە کان و باخە کانی ئە و دە ورە کاریان دەکرد یان ئە وانە ی لە ئاوایی دا مابوونە وە، ئاگاداری ماجە را ببوون و دە ستە _دە ستە دە هاتنە پیشواز.

سە عید خوی خە لکی ئە م ئاوایی یە بوو. ئە و پیشتر خوی گە یاندە وە و چووە دە رمانگاکە دوکتور ئاگادار بکا.

ئەو چەند روژەش جەلال لە مالی سەعید کە وتبوو دایکی بەلایەوە بوو کارگەرەکان بە جیا وخە لکی ئاواییش بە جیا، لە ژن و پیاو، دەوریان چول نەدەکرد و نەک هەر ئاگاداریيان دەکردن هەمیشە ش کوری شوخی و قسەی خوشیان گە رم بوو.

روژی ئاخر کە دوکتور جە لالی مە رە خە س کردبوو، هە رکە سە بو خوی سیف و میوە ی هینابوو شە ربە ت و شیرینی یان لە دووکانی ئاوایی کریبوو کارگەرەکانیان میوان کرد و بە بونەی هەلسانەوەی جەلالەوە کردیانە جەژن. هەر مووسە وی، کە نە هاتبوە خە بە رپرسی جە لال لە و جە ژنە دا نە بوو.

***

# رەمزی سەرمایە

ئاگوست ستریندبەری
ریبوار کردوویە بە کوردی

ـچت گوت بە و کابرایە لە وی؟

ـگوتم گورج بی!

ـحە قت چی یە بە سە ری یە وە؟

ـمن پارە ی پی دە دە م ئە یچون؟!

ـچە ند؟

ـدە کرون.

ـپیم نالیی پارە کە ت لە کوی بوو؟

ـمن بە رد فروشم، نازانی؟!

ـکی بە ردە کان هە لدە کە نی؟

ـئە و کابرایە

ـروژی چە ندە؟

ـیە کجار زور، چوزانم، کیویک!

ـئە مجار تو بە چە ند دە یفروشی؟

ـتە قریبە ن پە نجا کرونیک.

ـکە وایە ئە و چل کرونیک بە تو دە دا کە تو بیبیت و برویت و دە ستور بە و بدە یت، گورج بی و خیراتر کار بکا؟!

ـئا؛ بە لام مە کینە و کە ل و پە ل هی منن.

ـچلون بوویتە خاوە نی ئە و کە ل و پە لە؟

ـبە ردم فروشت. کیو کیو بە ردی هە لکە ندراوم دا بە پارە و توانیم مە کینە و کە ل وپە ل پیکە وە نیم.

ـکی بە ردە کانی هە لکە ندبوو؟

ـ..(بی دە نگی بە رد)

***

هەواڵنامەی کتێب

# سی و دوو لاپەرە

ئالیکساندرا کولونتای

وە رگیران لە سویدی یە وە : یوسف رە سوولی

رووناکی چراکان لە پەنجەرەی کارگاکانەوە شەوق دەداتەوە. مالەکان، سەربازخانەکان و خانوە کریکاری یەکان، هە مـوو یە ک رە نگ بە بە ر چاوی دا تیدە پە رن. پردی ریگە ی شە مە ندە فە ر زرم و هوری بوو و دە لە رایە وە. تروسکە ی چراکانی سەر ریگا، سنگی تاریکایی ئەم شەوە ئەنگوستەچاوە پاییزییەی دادەری و بە پەنجەرەی واگونەکەدا ئـە یـروانی یە ناوە وە. شە مە ندە فە رە کە راوە ستا. خشە و خرە ی چە ند هە نگاویک لە سە ر خیزی ویستگە ی شە مە ندە فە ر کە وتە گوی. "با" تاویک گە مە ی لـە گە ل چراکانی سە ر ریگا کرد و پاشان لە پشت دیواری کارخانە یە کی هە لکەوتوو لە ناو دە شتە پان و بە رینە کە دا وون بوو.

لە ناو واگونی شەمەندەفەرەکەدا چاویکی بە دەور و بەری خویدا خشاند: «چی لە بیر نەچووبی؟» قـوپچەی بالتوکە ی داخست و لە ویستگە هاتە دە ر. شە قامیکی دور و دریژ و چول، ئە م بـە ر ئە و بە ر بە خانوی کری نشینی سە ربازی یە ک رە نگ، گیراوە. هیچ تروسکە یە ک لە پە نجە رە کانە وە نابینری. ئوردوگا کریکاری یە کە ی دە وری کارخانە خە وتووە. چراکانی شە قام بە ینیان زورە و تیشکی کزیان دە لە ریتە وە. هیچ دە نگی نابیستری، غە یری زرمە و هاشە و هورە ی کارخانە کە لـە مە ودایە کی دورە وە دی. کریکارە کانی شە وکاری کارگە، خە ریکی کارن.

لە پر چوارپییە ک لە مە ودایە کی گە لی نزیکە وە دە قووروسکینی.

_ چتە؟! سە گی بیچارە!... بە سە ئیتر! دە ترسی؟! نا، نا لە چی دە ترسی!

بزە یە کی بو سە گە کە کرد و هە نگاوە کانی توند کردە وە... لە ناکاو هە ستی بە دوودلی کرد. رە نگە ئە م بریارە ی وا لە سە ری ساغ بـووە تە وە؛ تە واو بیهودە بی. رە نگە هە ر هیچ پیویستی یە ک بە م بریارە نە بوایە. باشە، بو هە ر وە ک باقی خە لک نە بی و هیندە کول بە ژیانە وە هە لنە گری؟ بە لام « تیز» ی زانکو کە ی چی، کە دە بوو لە روژیکی دیاری کراودا تە حویل بدری...؟! پلان و بە رنامە کانی، یە کسە ر فریی دابان و فە راموشی کردبان و... بو خوشە ویستی و دلداری ژیابا... گواستبایەوە ئوردووگای کارخانە... و هەرگیز هەوالی ئەو بەرنامانەی کە دای رشتبوون، نەپرسیتەوە و هەرگیز نە کە ویتە شوین تیئوری یە زانستیە کانی؟

ئاخیکی هەلکیشا. بە حەسرەتەوە سەری راوەشانـد. سەخت و دژوار، فکر و بیریکی هە میشە یی و بی کوتایی. لە ئاخرین خانوی ئوردوگاکە تیپە ری. چاخانە کە ی کە لـە گوشە ی شە قامە کە دایە، داخراوە و چرای سە ر دە رگاکە ی کز کراوە.

بە راستی وا درەنگ بووە؟! لە ژیر تیشکی ئاخرین چرای شەقامەکە ویستا و سەیریکی کاتژمیرە کە ی کرد. دوو و چارە گ بوو. کریکارە شە وکارە کان سە عات سی لە کار تە واو دە بـوون. چاوە روانیە کی دوور و دریژ.

لە شەقامەکە پەریەوە و کەوتە سەرجادەیەک بە نیو دارستانیکی براو، بە خانووبە رە ی نیوە و ناتە واوە وە. رویشتن بە سە ر ئە م ریگا خولە جی جی خیزکراوە دا، ماندووی دە کرد و بوی دژوار بوو.

کە لە گوشەی دیواریکی هیشتا تەواو هەلنەچندراوەوە تیپەری، شەوقی چراکانی کارخانە چەقیە چاوی. کارگە، دەیلرفاند و دەی هوراند و ولاتی دەلەرزاندەوە. دیوارە هەشت پەنجەرە یە کە ی کارگە، تە واو سوور دە چوو. کە س لە پە نا دە روازە گە ورە و داخراوە کە ی کارگە نە دە بینرا. بە لام لە ناوە وە، لە ژیر شوقی ئە و چرایانە ی لە پە نجە رە کانە وە ئەچەقیە ناو چاوانەوە، ژیانیکی بی ووچان وخولقینەر، لە جم و جول دابوو. سە دان پە یکە رە ی بە رگ شین، بە یە ک ریتم و ئـاهـەنگەوە لە جم و جول دان؛ تەسمەکان بە گورجی دەخولینەوە؛ چەرخەکان بە تەواوی هیز و تواناوە

هەواڵنامەی کتێب

دە سوورین؛ چە کوشە کان بە و پە ری تواناوە لە کوتان دان و تراشکارە کان پە یتا پە یتا ئاسن دە تاشن و وردە ئاسن، دە پرژیتە هە موو لایە ک.

«پیوتر» ی دە سگیرانیشی لە وی یە... لە ناو ئە م سە دان کە سە کە هە موو بە رگی شینیان لە بە ر دایە. دە بی ئە و ئیستا لە کوی بی؟! لە نیوان پە نجە رە ی پینجە م و شە شە م! یە ک، دوو، سی... تو بلیی «پیوتر»ی بناسیتە وە ئە گە ر لە ناکاو بچیتە نیو کارگاکە وە؟ بیگومان دە یناسیە وە! دە ست راوە شاندنیک و ئاوردانە وە یە ک بە س بوو بو ئە وە ی بیناسیتە وە. ئاخر ئەو بە تەواوی شارەزای ئەم حەرەکانەی «پیوتر» بوو و حەزی پی دەکردن. ئایا نیگای ئە ویش وە ک باقی کریکارە کان، تیژ براوە تە کارە کە ی یاخود خە مبارن؟

هە ر وە ک ئە وە ی دیواری کارگە کە بە عە رز دا روچووبیت، هە موو شتیک بە وردی دیتە بە ر چاوی؛ وە ک بلیی چووبیتە نیو کارگە کە وە: پە یکە رە جلک شینە کان کە ئارام و هاو ئاهە نگ لە جم و جول دان، چە رخە کان کە لە گە ر دان و چە کوشە قورسە کان و تە سمە کان کە بە بیدە نگی دە گە رین...

پیوتر دە م و چاوی لاواز بووە و چاو ە کانیشی... دە بی چی بی؟! لە وە دە چی دە ردە دار بیت. تو بلیی خە بە ردار بوو بی؟ ئە م بریارە ی کە وا بە سە ختی خوی لە سە ر ساغ کردبووە وە، هە لگە رانە وە ی بو نە بوو. دیارە «پیوتر» یش وە کو ئە و رە نج و ئازاری چیشتووە... راستی ئە م ژانە قورس و لە ناکاوە، لە کوی وە دی؟ تو بلیی نیشانە ی خو بە تە نیا زانین و تاسە باری بی؟ وە ئە و هە موو سوز و هە ستە ی کە سە بارت بە «پیوتر» هە یە تی، سوزیک کە سوکنایی و گە رمای پی دەبەخشی؛ ئەو سوزەی کە هیندە نەرمە، دەیبورینیتەوە... خوزگە ئەم سوز و هە ستە، ئیرادە کە ی تیک نە شکینی، هیزی لی نە بری و لە داخوازیە کە ی پاشگە زی نە کاتە وە.

نا، نابی چاو لە کارگە و پە نجە رە و شوقی چراکان بکات. نابی بیر لە هاوژینە کە ی کە وا لە و ژوورە لە لای مە کینە و تەسمە و چەرخەکانە، بکاتەوە... قەی ناکا، با چاوەکانی «پیوتر» حەسرە تیان لی بباری! ئە م بریاری خوی داوە و ریگە ی خوی دە گریتە بە ر! ئیتر نابی لە کوت و بە ندی ئە وین دا خوی دیل بکا. نابی بیر لە دە سگیرانە کە ی بکاتە وە. نابی پەشیمان بیتەوە، دەبی تەنیا بەرەو پیش هەنگاو هەلگری، بەرەو ئامانجە کە ی... ئە ری، بە تە نیا خوی؛ بە جوریک کە هیچ کە س نە توانی بە ری بگری و ببیتە هوی لادان لە ریگاکە ی. ( ئە ری برو... دریژە بە ریگە ت بدە، هە ر وە کو ئیستا کە خە ریکی بە تە نیایی تاریکی دە بری. برو! لە پیشتە وە رووناکی یە؛ ئامانجە کەت؛« تیز» ە کە ت... )

لاقی لە خیز و خولی سە ر ریگایە کە روودە چن. قورسایی کتیبە کان و ئە و خواردە مە نیە ی کە پییە تی، شان و شە پیلکی ماندوو کردون. داوینی کراسە کە ی پە یتا پە یتا و بە شیوە یە کی ئازاردە ر لە قاچ و قولی دە هالی. بە لام ئە وانە هیچ بە لایەوە گرینگ نین. ( راستە کە تەنیایی چەتونە. بەلام ئینسان ئیتر ئازادە و دە توانی کات و سات بو ئە و شتە ی ئاواتیە تی، تە رخان بکات. ئیتر خە می ئە وە ت نابی کە هاوژینە کە ت جار بە دوای جار خراپ لیت حالی دە بی! یان ناتوانی لە هە ستی دە روونت بگا. ئیتر خە می ئە وە ت نابی کە دە سگیرانە کە ت بە بایە خ دانە نان بە کار و عە لاقە کە ت بی حورمە تیت پیدە کا ). ئیتر دە بە وی بژی نە ک بتلیتە وە! ژیان، نە ک خوشە ویستی یە ک کە دردونگی و دوودلی بالی بە سە ر دا کیشابی.

« ئی... بەلام ئەوە کەی سەر دەگری؟ نا، ئەسلەن پیویست ناکا «پیوتر» لەو حالی ببی و گویی بو هە لخا. هە ر ئە وە ندە کە بتوانی بیبینی، لە گە لی بژی و دلنیا بی کە ئیستاش ئە وی خوش دە وی، بە سە... » بە لام کاری تیزە کە ی کە بە لایە وە زور خوشە ویستە، پە کی کە وتوە و لە م چە ند مانگە ی دوایی دا هیچ پیشرە فتیکی نەبووە. هە موو جاری کە لە خەو هەستاوە و ئەمەی کەوتوەتەوە بیر، بوتە مایەی نیگەرانی و ئازار و ژانی. پینج مانگ رابردوە و گشت کاری ئە م ماوە یە «سی و دوو لاپە رە» یە. لە میژە کە هیچ بابە تی نویی کو نە کردووە تە وە و ئیتر وە ک جاران لە کاتی دیاری کراو بو بیستنی ووتارە کانی ماموستاکە ی ناچیتە زانکو؛ ئە و ماموستایە ی کە هە میشە هانی داوە و ئیلهامی لی وە رگرتووە. لە جیاتی ئە وە ی کە بە قە ولی ماموستا بکا و کولنە دە رانە و بە پیی پلانی دیاریکراو بکە ویتە شوین

لیکولینەوە زانستی یەکەی، هەر ئەمرو بە سبەی کردووە؛ ژیانی لە خوی تال کردووە و کاری بووە بە ژماردنی ساعە تە کان تا دیداری دوایی لە گە ل ماموستاکە ی؛ دوایە ش هاتووە تە وە مال، نیوە مردوو و بە میشکی بە تال و حە تال و... تورە و گرژ: تورە لە وە ی  کە روژیکی تر بە  سە رچووە و هیشتا لە سی و دوو لاپە رە  دە رنەچووە...»

بە لام ئە گە ر حە ق بە دە سگیرانە کە ی بی، چی؟! ئە گە ر بە پیی قسە ی ئە و بە کەلکی هیچ نە یە ت؟ یان کە دە لی «خە لکی تر دە توانن هە ر دوو لا هاوکات بکە ن ... بو تو ناتوانی؟» بلیی هە موو ژنیک لەم دوو رییانە گیری کردبی: کار یا دلداری...؟ دوو دلی پە رە دە گری، هە لدە چی؛ رە خنە دە کاتە دە رونی و ئازاری د ە دا. ژیان بە تە نیایی سامناکە. بویە دەیەوی لە لای دەسگیرانەکەی بی. لە لای ئەو هەموو شتیک بە جوریک لە بیر خوی دە باتە وە. تە لە فونە کە هە لدە گری و دە یە وی لە گە ل دە سگیرانە کە ی قسە بکا:

ـ کاتی وچانی نیوە رویە ؟ ئی، دە کری لە گە ل «پیوتر میخایلوچ» بدویم؟  ئە وە خوتی؟! کە ی یە کتر ببینین؟! هە ر بە راستی ناتوانی ئە مرو بییتە لام؟  ناتوانی...؟ گرفتاری...؟ دە ی کە وابی من دیم بو لای تو. نازانی بە تە نیابوون چە ندە سە ختە!

ئە ری... ئە چیتە لای. هە ر کە چاوی پی بکە وی، دلی دە س  دە کا بە خورپە؛ خو دە خاتە باو ە شی یە وە و دە س دە کا بە قسە کردن؛ پاکانە کردن؛ گلە یی لە خو کردن کردن؛ گلە یی لە وە ی کە کارە کە ی بە باشی نە چووەتە پیشە وە. بە لام هە ر چی زیاتر دە دوی، بە هە مان ئە ندازە ش دیواری نیوانیان ئە ستوورتر و کون بر تر دە بیت... هە ر وە ک ئە وە ی کە ئە سلە ن گویی لە قسە کانی ئە و نە بووبی...

کاری نووسینی «تیز»ەکەی بەرەو پیش ناچی. «پیوتر» پیی وایە «... ئە و قسانە بیجین. هە ر ئە وە ندە ی قولی لی هە لمالی، کار تە واوە ... بوچی کار و باری نووسینە کە ت لیرە ناکە ی؟! ئە گە ر بە یە کە وە  ژیابایین، هیندە ش وە ختت بە هات و چو نە دە گیرا!» بە لام ئە و بو کارە کە ی پیویستی بە کتیبخانە بوو. «... ئی خو هە میشە دە توانی هات و چوی کتیبخانە بکە ی.  ئە م گیر و  گرفتانە تە نیا ساختە ی ژنانن، دە نا ئە وە کە ی موشکیلە یە...» دە سگیرانە کە ی گویی بو هە ل ناخا، لیی تی ناگا... کە چی هە رواش دە گە ریتە وە  بو لای. بە لام لە هە مان حالیشدا ژان ئە خاتە دلی. هە رچە ن بە یە کە وە ن بە لام هە ست بە تە نیایی دە کا. هە ر وە ک لە سە حرایە کی چول دا بی... و ئە مە ژان هینە رە و هە ست بە سە رما دە کا لە دە روونی دا. قسە لە گە ل کردنی سوودیکی نیە. دە سگیرانە کە ی لیی حالی نابی. ئە گە ر بیت و قسە ی لە گە ل بکا، دە سگیرانە کە ی دە رە نجی و پیی وایە بی حورمە تی پیکراوە. تازە خوی دواى ئە وە بە زە یی پی دادیت، هە ر وە ک ئە وە ی دە سگیرانە کە ی کوریکی بچکولانە ی بیکە س بیت.

بیدە نگ دە بیت. نووسینی «تیز» ە کە بە جە هە ننە م! ئیتر دە بی ئە م ماجە رایە کوتایی پی بیت! ئیستا ئیتر روژی خو رزگار کردنە؛  رزگاری خوی و هیز و  کات و کارە کانی... روژە کان بی وچان رادە برن... ئیتر نایە وی بتلیتە وە، ئازار و ژان بچیژی و ئە م هە موو  تانە و تە شە ر و بی حو رمە تی یانە قە بوول بکات. نایە وی لە سوزی دەسگیرانە کە ی دا، خوی لە بیر بچیتە وە و لە و دا وون بیت. ئیتر نایە وی سە عات بە دوای سە عات، بیهوودە چاوە روان بیت. دە یە وی سە ر لە نوی، هەر وەک رابردوو، بە تەنیا بژی؛ بچیتە هەرکوی کە حەزی پیدەکا؛ گوی بو ماموستا خوشەویستە کە ی رادیری؛ خەریکی کوکردنەوەی بابەت بی و کار بکا... کار... کار... هیشتا درەنگ نەبووە. ژیانیکی دور و  دریژی لە پیشە و دەتوانی لە گەشە و نەش و نمای مروڤایەتیدا بەشدار بیت؛ عیلم و زانست بە بیر و بوچوونەکانی خوی دە ولە مە ندتر بکا... «هە ر کە میکی تر زە حمە ت بدا بە خوی، لە سە ر بریارە کەی ساغ دە بیتە وە». دە بی ئیتر واز لە دلداری بینی. «چ هە ستیکی خوش!» دە لیی باریکی قورس لە کولی کراوە تە وە ! وە ک شادمانی یە ک!

هە نگاوە کانی توندتر کرد. لە و شوینە ی کە لە بە ر شوقی چراکانی کارگە رووناک بوو، تیپە ری و لە تاریکایی دا وون بوو. زریانی پاییزی ئەم شەوە، لکی شالگەردنەکەی لە دەم و لوتی دەکوتا. لە بە ر دە می دا دارستانیکی براو و تاریکایی یە کی بی بن خوی دە نواند. بیدە نگ و بی گیان... و تا رادە یە ک سامناک.

چاویکی له ده ور و به ری خوی خشاند. بوچی له و شوینه ی نووری چراکان رووناکی کردبوو نه ویستا؟ لیره به ته واوی له م تاریکایی یه سارده دا نوقم ببوو. ده یه ویست بگه ریته وه لای کارگه که، به په نجه ره رووناکه کانیه وه. بگه رابایه وه و له پـه نـا ده روازه کـه ویستابا و چاوه روانی تـه واوبونی کاری شـه وکاره کان بوایـه؟ ترسه نوک بوو؟! لـه تاریکی ده ترسا؟ «فکری مندالانه !!...» له لای راسته وه هه ورازیکه. را ده کا و له ناو دار و ده وه نه کاندا سه ری لی ده شیوی. پیی وایه خشه خشی شتیک له ناو تاریکایی یه که دا ده بیسی. دیاره که «با» یه به نیو ده وه نه کان دا راده بری. سامناکه! له ناکاو پیی وایه که شتیک به کومه کوم له ناو ده وه نه کان دا دیته پیش... چ بکا، بقیژینی؟! بو یارمه تی هاوار بکات؟! به لام خو که س گویی له هاواری ئه و نابی... له په نجه ره کانی کارخانه وه، چراکان نوور ده پرژینه ده ره وه، به لام له به ر هاره و لرفه ی مه کینه کانی کارگه، ته نانه ت ده سگیرانه که شی هاواری ئه و نابیسی... چه نده نزیک... و له هه مان کات دا چه نده دوور!

باشتر وایـه کـه بکـه ویتـه وه ری؛ بروا و لـه م سـه ره و ژووره رانـه وه ستی. چ سارده... و چ تاریکانیکه. «ترسـه نوک هـه ر وا ده بی!... خو له تاریکی ده ترسی... تازه، ده یه ویست به ته نیایی مل له به ر ملی ژیان بنیت و ببیته ژنیکی سه ر به خو! تو بلیی کـه سی وا لـه دنیا دا هـه بی؟! ژن هـه ر ژنه!»، ئـه مانه قسـه ی ده سگیرانه که ی ده بوون ئه گه ر هاتبا و به مه ی زانیبا. حه تمه ن له قاقای پیکه نینیشی ده دا. ئه مجاره یان ناحه قی نه ده بوو!

که میک هاته وه سه رخو و به دلیکی قایم هه نگاوه کانی توند کردن. ده بوو له جیاتی بیر کردنه وه له تاریکایی یه که، فکر له شتیکی ته واو جیاوازی تر بکاته وه. مه سه له ن بیری له وه کردبایه که چون مه سه له ی جیابوونه وه که ی له گه ل ده سگیرانه که ی باس کردبایه؟ قسه کانی له چی یه وه ده ست پی کردبایه؟ که ی پیی ووتبایه؟ ئه مرو! هه ر که له کار گه رایه وه! دیاره که وه ک هه میشه ماندوو و شه که ت دیته وه مال. بی گومان به بوونی ئه و له وی، خوشحال ده بوو!:

«ئوه! ئه وه، خیزانه نازه نینه که م هاتوه بو بینینی من! ده میکه نه م دیوی! بو دیار نه بووی؟! جا دانیشه و به وردی بوم باس بکه که چ خه به ره!»

بـه م بیره، دلی سـوکنایـه کـی خوشـی پـی دا دی؛ بـه جـوری کـه تـه واوی لـه شـی داده گری. خـوی بـه تـه واوی بـه ده سگیرانـه کـه یـه وه ده نووسینی و چاوی ویک ده نی... نا! ئـه مرو ئـه سلـه ن روژی ئـه وه نییـه کـه لـه سـه ر بریاره کـه ی بدوی. باشتره بیهیلیته وه بو به یانی! به یانی زوو!

هه ر که ده وری ته پولکه که ی دایه وه، له ناکاو «با» به توندی وه ده م و چاوی که وت. «با» سه رکلاوه که ی را ده کیشا و له نیو گه لا هه لوه ریوه کان دا خوی ده خزاند. ئای که وولات تاریک و چول و هول بوو... جاریکی تریش ئاوری دایه وه. ئیستا ئیتر په نجه ره رووناکه کانی کارگه وه ک تروسکایه کی زور ورد ده هاتنه به ر چاو. ئیتر شه ق و هوری کارگه له م مه ودایه را نه ده بیسرا و بیده نگ بوو. ته نیا له و تاریکه سه لاته دا... له به رامبه ری، له مه ودایه کی گه لی دوور، چه ند تروسکه ی رووناکایی ده بینرین: شاروچکه که. مـالی ده سگیرانـه کـه ی لـه وی بـوو؛ هوده یـه ک و متبه قیکی بچکولانه. تا ئه وی مه ودایه کی گه لی زور بوو. لاقی ماندوو بوون. قولی به باری بن هه نگلی ته واو بی هیز ببوون. هه ستی کرد که سه رمایه تی.

ئـه م «با» یـه چییـه؟ بـه م ویژه ویژه یـه وه ده لیـی خـه بـه ری رووداویکی تالی پییـه؟ ده وه نـه کان ده لاژینـه وه؛ هـه ر وه ک ئه وه ی که ده سته ره ش و ره ق و ته قه کانیان بو ئه و دریژ بکه ن... نا، ئه مه «با» نیه... ته واو سارد ده بیته وه؛ هه ر وه کو سه رده می منالی، کاتیک که له دیویکی تاریک و چول دا به جییان ده هیشت و پیی وابوو که هه رچی خیو و دیو درنج و جانه وه ری سامناک هه یه له قوژبنی ماله وه به ره و رووی ئه و دین...

چه نده خوش ده بوو ئـه گـه ر ئیستا توشی کـه سیک بوایه. لانی کـه م سـه گیک! ریگایه که باریک بوو و په یتا په یتا ده که وته نیو گژ و گیا و درک و دال له داوینی که راسه که ی ده هالا.

خوزگە ئیستا لە ناو شار بووایە ی؛ لە ناو خە لک؛ لە جە رگی رووناکایی و چراخانی دا...! بو وا بە م نیوە شە وە کە وتبوە ری؟ ئە م بی قە راری یە شیتانە لە بە ر چی بوو؟ دە بوو راست ئە مرو بریارە کە ی بە دە سگیرانە کە ی راگە یاندبا؟ ئایا جیابوونە وە ئە م هە موو پە لە کردنە ی دە ویست؟ ئە و هە موو پە لە کردنە، بو ئە وە ی کە لیرە بە تاقی تە نیا بکە وی... تە نیای تە نیا... ئە ری، تە نیایی خوشە، کاتی لە مالی خوت بی، لە لای کتیبە کان و نووسراوەکانت دا و لە بە ر شوقی چرای میزی کار...

چ بوو؟! دە نگی خە فی زە نگیکی زیوی. هە ر وە ک زە نگولە ی کلیسایە ک؛ تاویک دە تگوت لە قولایی زە وی را دی و تاویک وەک ئەوەی کە راست لە عەویقی ئاسمانە هەوراوی یەکە را دی...؛ لە فیتووی شەمەننەفەریک دەچوو... دە نگە کە «با» هینای... «ترسان بی مە عنایە ...» دیسان هە نگاوە کانی گورج کردنە وە. داوینی کە راسە کە ی لە لاقی دە هالا. تا ئە ژنو داوینی هە لکرد. ئە مجار دە یتوانی باشتر هە نگاو هە لینی. هە ر ئە م بیر و خە یالاتە شیتانە ی کە پیی وابوو کە سیک بە دوایە وە، لە خوی دور خستبایە وە کار تە واو بوو... چی؟ کی بە دوایە وە؟ چ بکا، ئاور بداتە وە؟! بە لام خو کە س لیرە نیە! راوە ستا؛ گویی هە لخست و روانییە دە ور و بە ری خوی.

وولات خاموش و بیدە نگ بوو... هە وا سووک، بە لام توزیک نم دار بوو. بونی گل و گە لا دە هات. وەک شەربەتیکی بوون خوش بخواتە وە، ئاوا هە وای هە لمژی. سە ری بە رە و ئاسمان بە رز دە کاتە وە... هە مان تاریکە سە لاتە کونە برە کە ی پیشوویە. شوقی چراکانی کارگە ئیتر دیار نیە . تاریکایە کی قورس و رە ش و بی بن. لە پر «با» یە کی توند هە لدە کا، بە دە وری دا دە گە ری و ئامبازی دە بی. بایە کی پر لە نهینی شە وانە، نە ک وە ک «با» ی روژانە. ئیستا، ئە وە ی کە لە م شە و گارە تارە دا دە سە لاتی بە دە ستە. ئە وە کە خیوە کانی دریژ و بی قە راری دارستان راو دە نی! چاوە کانیان نابینی، بە لام هە ر لیرە لە م نزیکانە ن،... دە جوولینە وە و خشە یان دی. گورج بە پە نایا رادبرن... تە نانە ت تا رادە یە کیش خوی لی دەخشینن... چ سامناکە. هەر لەم دەور و بەرەن بەلام چاو لە تاریکایی بەدەر چ نابینی. ئەم تاریکایییە ئە ستور و رە ش و ئە نگوستە چاوە... هە نگاوە کانی قورس دە بن و قاچە کانی چیتر لە دووی نایە ن؛ هە ر وە ک لە ناو خە ونیک دا. دە یە ویست بقیژینی بە لام لە دە نگی خوی دە ترسا. راکا؟! بە لام لە راکردنیش دە ترسی! ئاخ، ئە گە ر لە م تاریکایی یە دە رچووبا... و گە یشتبا ناو خە لک، ژیر تیشک و رووناکایی... راکە. راکە...

تاریکایی بە بالە نادیار و رە شە کانی زیللە دە وە شینی، دە لورینی و گە مارۆی دە دا و هە ناسە ساردە کانی لە دە م و چاوی ئەو دەدا. لە بەرابەر و قەراخی دا، خیوەکان راوی دەنین. پەیکەری دریژ و نادیار، پییە وە دە نووسین. «با» توندتری دە کا، قاقا لیدە دا، دە خوشی و دە هاشینی. دە ورە ی سە رکلاوە کە ی دە دا و لکی شالگە ردنە کە ی رادە کیشی و رای دە وە شینی... دە لیی ئیستا نا ئیستا دلی دە قە لشی. ئیتر توانای نامینی!...

هە وا، هە وا... تروسکایی رە نگ شین و سووری ئاگرین، لە بە ر چاوی دا دە ست بە خولانە وە دە کەن... کاتژمیرە قورسە کە دە س دە کا بە زرینگانە وە و هە رد و ئاسمان بە دە نگی بە رزی دادە گری. هە وا دە لە ریتە وە و گویی کە ر دە کا... بە غار دە س بە هە لاتن دە کات... هە لدە نگوی... دە کە وی...

## «بەشی دووهەم»

ـ دەی وەقسە بی، چیت بە سەر هاتوە، ئافرەتە نازەنینە بە جەرگەکەی من؟! کەس توی ترساند؟! خوت بریندار کردووە؟! لاقت وەرگەراوە؟! نە ئیتر، بو دیسان دەستت بە گریان کردەوە؟! ژانت هە یە؟ کویت؟ باشە... باشە، ئارام بگرە، ئارام... بە سە ئیتر. ئارام بە وە خوشە ویست ترین کە سم!

ـ ئە ری، دە مە ویست بلیم کە ... کە نازانی چە ندە خوشحالم کە تو لیرە ی، لە لامی. **ئەوەندە** خوشحالم کە...

ـ هیچ ده زانی ده لیی چی ؟! خوشحال له وه ی که من له لاتم؟! بو مه گه ر قه رار بوو له شوینیکی تر بم!! ئیستا پیم بلی، چ بوو که وا تووشی ئه م ده شت و سه حرایه بووی. لیم روون بکه وه. هه ر سه یر بوو: له دووره وه گریان و ناله ی که سیک **ده بیسم**... له خومم پرسی، ده بی چ بی؛ که سیک ده کوژن؟! یان که سیک خوی ده کوژی؟! یان چه ته ده وره ی که سیکیان داوه؟! به ره و ده نگه که رام کرد... و له پر، چاوم به هه یکه لیکی چه ماو له سه ر ریگاکه ده که وی به کولیک پاکه ت له ده ور و پشتی...! ئیستا بلی چ قه وماوه؟! کی توی ترساندوه؟ بوم بگیره وه چ رووی داوه و چون؟!

ـ هه‌ر به راستی هیچ روی نه‌داوه؛ هیچ شتیک... هه‌ر ترسی تاریکایی بوو گرتمی...! بی مه عنایه، به لام ترسام. هه لاتم و پیم وابوو ئیستا نا ئیستا دلم ده توقی. چاوم له ره شه وه چوون و که وتم. ئیستا ئیتر باشم... تو له لامی... تو شیرین و میهره‌بانی...! خوشم ئه‌ویی؛ له راده‌به‌ده‌ر خوشم ئه‌ویی... زور زیاتر له وه ی خوت بزانی... ئیتر هه رگیز به جیت ناهیلم، هه رگیز!

ـ شیته! بو مه گه ر من قه رار بووه له خوم دوورت که مه وه که ئیسته قسه ی وا ده که ی! دیسان، خو دیسان ده ستت کرده وه به گریان... سه ر بخه سه ر ئیره. ئاوا باشتره. ده سته کانت ده لیی سه هولن... بینه با گه رمیان که مه وه... ئاوا، ئیستا ئیتر ئارام بوویه وه. ئه مجار ده بی به وردی بوم بگیریه وه که له م سه حرایه دا چیت به سه ر هات؟ که س ئازاری دای؟ سه ره نجام ده بی بزانم (ده نگی بی سه برانه بوو و نیگاکانی پر له پرسیار و زه نین.)

ـ که س ئازاری نه داوم. خو ووتم که هیچ رووی نه داوه و ته نیا توزیک...

ـ به و حاله ی تو هه ته، ده بی حه تمه ن شتیک قه ومابی! ته نیا له سه حرا و چوله وار دا، ئه ویش به و نیوه شه وه! له سه ر هه رد که و توو، شتوومه ک پرژ و بلاو، جل و به رگ دادراو...

ـ به لی، راست به و نیوه شه وه...! چونکه بریارم دابوو تا به یانی چاوه روانی نه کیشم، هه ر چه ن به نیوه شه و بگه مه ئیره. به دریژایی روژ بیرم له بریاره که م کردبووه وه و ده مه ویست به زووترین کات هه موو شته که ت له گه ل باس بکه م، هه موو شتیک... ئه ویش ئه وه یه که من ناتوانم... تو منت خوش ئه وی، نه ک وه کو دوستیک؛ هاوبیریک، مروقیک، به‌لکو ته‌نیا وه‌کو ژنیک... وه به هوی ئه‌وه‌ی که من ده‌بی کار بکه‌م، به هوی ئه‌وه‌ی که... ئیتر چیتر ناتوانم، ناتوانم...

ـ چی تر ناتوانی؟! ئه مه چییه که تو چیتر ناتوانی؟!

ده سگیرانه که ی ئه مه ی ووت و لیی دوور که وته وه.

ـ ...که به م شیوه ی تا به ئه مرو، دریژه به ژیانی هاوبه ش بده م؛ بی ئه وه ی له یه ک حالی ببین... من نامه وی چیتر ئازار ببینم؛ له سه ر شتی ورد شه ر بکه م؛ کات و هیزم به فیرو بده م؛ ماندوو و شه که ت بیمه وه مال و ور و کاس بم. هه ول بده لیم تیبگه ی. له ماوه ی پینج مانگ دا ته نیا سی و دوو لاپه ره م نووسیوه ... دوینی نامه ی « سامسونووا » م به ده ست گه یشت، نووسیبوی «تیز» ه که ی ئه و ئیتر ئاماده ی چاپ بووه... به لام من... ئه گه ر بیت و ئه مسال ته واوی نه که م... ئه گه ر «تیز» ه که م ئه مسال ئاماده نه بی، ئیتر بوم نییه دریژه به خویندن بده م. ئه و ده م ده بی مال ئاوایی له ته واوی ئاوات و ئاره زوکانی دواروژم بکه م؛ مال ئاوایی له عیلم و زانست...

ده سگیرانه که ی وشک و بی خه یال ده پرسی:

ـ باشه، کی پیشی گرتووی؟!

ـ کی؟! په یوه ندی نیوانمان... چونکه من هه میشه له نیوان ئه م شیوه په یوندی یه و «تیز» ه که م ده تلیمه وه. زور له وه پیش تریش ئه م باسه مان بووه! تو حالی نابی؛ ناته وی حالی ببی! منیش له وه زیاتر ناتوانم...! ئاخ ئه گه ر هینده خوشم نه‌ویستبایه‌ی...

ـ ئه‌ح، ئیتر به‌سیه‌تی تکایه. تو ده‌زانی که من هینده خوشم له قسه‌ی پووچ نایه... ده لیی منت خوشت ده وی. ئه‌ری... باوه‌ر ده‌که‌م...کاتی دوو که‌س یه‌کتریان خوش ده‌وی، به یه‌که‌وه ده‌ژین و ده‌یانه‌وی پیکه‌وه بن... ئیمه

خه لکی «نه خوینده وار» به مه ده لیین خوشه ویستی...! به لام وا دیاره لای تو ته واو به پیچه وانه یه...! من له ویستی تو حالی نیم. تو که هه ر ئیستاش ته‌واوی روژ خوت له شاری؛ منیش لیره ته‌نیام. منیش کولیک کار و بارم هه یه، ده ریایه ک کار و خوشت باش ده زانی. منیش حه زم ده کرد تو یاریده ده رم بی... به لام من باسی ناکه م... ئیستاش شین ناگیرم... تو ساغ بوویه وه که ببی به ژنیکی «خوینده وار». ئی، خو من ناتوانم پیشت پی بگرم.

ـ به لام خوشه ویست گیان... خوت ده زانی ئه م ماوه یه ی که له لای تو نه ماومه وه ته نیا له به ر نووسینی « تیز» ه که م بووه.

ـ به خاتری تیزه که ت...! واته تو ناتوانی لیره، له لای من خه ریکی کاری «تیز» ه که ت بی؟! پیویستیش ناکا زور داخ بخوی به له‌مال بوونی زوری من... چون من ده سه‌عاتی ته‌واو له کارگه‌م! باشه، تو بو ناتوانی لیره له لای من کاره که ت بکه ی؟!

ـ زور له‌وه پیشتر بوم باس کردووی. ده‌رسه‌کان... کاری لابراتوار... کتیبه‌کانم... کتیبخانه... خو ناتوانم له جانتا دا بژیم .

ـ ئه گه ر بگویزیه وه لای من، ئیتر له چه مه دان دا ناژی.

به ناره حه تیه وه سه ری راده وه شینی و به ده سگیرانه که ی ده لی:

ـ خوت ده‌زانی که من زورم هه‌ول‌دا به‌لام بی فایده بوو... کاری سامناک و بی کوتایی ناومال... چیشت دروست کردن...

ـ به لی، وایه! وایه ... خانمی «خوینده وار» چون بیزیان بی له متبه ق دا کار بکه ن...!

ـ نه خیر، وانیه... ئه م قسه یه ئه سله ن راست نیه و تووره م مه که. گویت لیبه، تووره م مه که... ماندووم. من له ته واوی ئه م ماجه رایه بیزارم.

ـ ئه ی من چی؟ تو بیزاری... پیت وانیه منیش بیزار بم له‌وه ی که هه میشه و دایم به هه‌وای تو بجوولیمه وه؟ پیت وایه ژیان له گه ل تو هینده راحه ت و ئاسانه؟

ـ به راستیته؟! ئه ی که وایه بو ده ست له م جوره ژیانه هه لناگرین؟! من هه ر دروست بویه هاتم بو لات... هاتم پیت بلیم که من له‌وه زیاتر تاقه‌تم نه‌ماوه... که ئه‌م جوره ژیانه مه‌یل و ئاره زوی ژیان له به ین ده بات. ئه مه هیچ دلخوشی یه کی تیدا نییه؛ ژیان نییه و ئه شکه نجه یه... بو توش. من ده مه وی کوتایی به مه بینم و... و دوور بروم...

ـ باشه، له سه ر چی راوه ستاوی... برو... تا حه ز ده که ی لیره دوور ببه وه ...! ئه سله ن بو هاتووی بو ئیره؟ ده ته وی من چی بکه م؟ ده ته وی کرنوشت بو بکه م و لیت بپاریمه وه که نه روی؟! ئه گه ر به ته مای شتی وای، به سه هوو چووی چون من له م قوماشه نیم...

ـ باشه، ئه وه چ قسه یه که ده یکه ی؟! ئه مه ره زاله ته...

ـ ئه ری وایه. به لام پیت وایه ره فتاری خوت زور جوانتره؟ به راستی پیت وایه...

ـ نا، من هیچ پیم وا نیه! نامه وی فکر له هیچ بکه مه وه ... ئیتر لیم گه ری.

ـ من هه ر نات بزیوم.

بیده نگی. هه ر دوو له فکر دان. فانوسه که کز دایسی. وولات ورده ورده خه ریکه رووناک ده بیته وه.

ـ به لام سه ره رای هه موو شتیک، حه ز ده که م بم زانیبایه له و چوله واره دا چیت به سه ر هات...؟ ته نیا، له نیوه شه ودا و ئینجا... ئه م «بریاره» ش! بیگومان شتیک رووی داوه!

ئه مه ی ووت و دیسان نیگایه کی پرگومانی تی بری.

ـ من ئیتر به راستی له و باسه ماندوو بووم. مه گه ر نه م ووت هیچ نه بووه... له وانه یه هه مووی ته‌ئسیری ئه عصابم بی... ئه م دووایی یانه خه وم زور خه راپ بووه و هه ر له بیرکردنه وه دا بووم، بیری ئه‌وه ی که ریگایه ک بو ده ربازبوون

بدوزمه وه...

ـ ئی...

ـ له وه  ده چی باوه رم پی نه که ی.

ـ قه بوول بکه که قسه که  ت زور سه یره و بو باوه ر پیکردن نابی. خوت که میک بیری لی بکه وه... شتومه کی پرژ و بلاو، جل و به‌رگی دا دراو و فرمیسکه‌کانت... بو ناته‌وی رووراست بی له گه‌لم؟! تو بریارت داوه که ئیتر هه موو شتیک له به ینی ئیمه دا ته واو بووه... که وابی ئه گه ر له و چوله واره  دا «شتیکیشت» به سه‌ر هاتبی، بو په یوه ندی نیوان ئیمه بایه خیکی نیه و هه ر بویه ده توانی به دلی راحه ت باسی بکه ی. خوشت ده زانی که به هه زار ئینسانی لات و به‌ره‌لا به ده‌ره‌وه‌ن... نامه‌وی تاوانبارت بکه‌م... به‌لام درو مه‌که. ئیستا ئیتر ده توانی بوم بگیریه وه، هه ر وه ک بو برایه ک...

ـ ئه‌وه ده‌لیی چی؟ ده‌زانی مانای ئه‌م قسانه چن؟ ئه‌م جوره فکرانه له کویوه دینی؟ سه یره که تی ناگه ی ئه م قسانه ت ئیهانه تن... په ست کردنن... تی ناگه ی...؟! تو چون دلی ووتنی ئه م قسانه ت هه یه؟ ده توانی...

(هه ستی به خه یالاتی ده سگیرانه که ی کرد و له  راده  به  ده ر تووره بوو)

ـ تو چ « هاوری یه کی» که ناتوانی حورمه تی هاوری که ت رابگری؟! که ناتوانی... بو ده بی هه میشه به گومان بی به شتیک... هه ر وه کوو ئیستا! هه ر له به ر ئه م جوره شتانه یه که ده مه وی به جیت بیلم. کاتی تو به م جوره ده دویی؛ کاتی به‌م جوره ئیهانه‌تم پی ده‌که‌ی، ده‌مه‌وی هه‌لیم و لیت دوور بکه‌ومه‌وه؛ هه ر وه ک چون ئه م شه و له چنگ خیوه کان هه لاتم... ئاخر من بوچی توم خوش ده وی...؟! بو...؟

ده سگیرانه که ی که میک نه رم بووه وه و ووتی:

ـ هه ر به  راستی ئیستاش منت خوش ده وی؟

ـ چاره ره شی من هه ر له وه دایه...! تو نازانی ئه م چه ن روژه چه نده زه جرم کیشاوه. بیست جار بریارم دا و بیست جار په شیمان بوومه وه. تاویک پیم  وایه که ناتوانم بی تو بژیم؛ تاویکیش بیر له «تیز» ه که م ده که مه وه و هه لویستی تو سه باره ت به خوم...

ـ هه لویستی من؟! هه لویستی چی؟

ـ خوت باش ده زانی که منت خوش ناوی... له وانه یه بلیی وانیه. به لام به هه ر حال من به وه نالیم  خوشه ویستی...

ـ من نازانم تو چونی لی حالی (له خو رازی و بی خه‌یال بوو) به لاشمه‌وه گرینگ نییه. به‌لام یه‌ک شت به لامه وه  روون و ئاشکرایه؛ ئه ویش ئه وه یه که تو سه ره رای هه ول و ته قه لای ئه وه ی که پیم بسه لمینی که گوایه «عالم و زانا»ی و خه‌ریکی «لیکولینه‌وه‌ی زانستی» جوراوجوری؛ بنیاده‌میکی گیژ و ناحالیت. ده لیی منت خوش ده وی به‌لام به ته‌مای به‌جیم بیلی. قسه‌ی بی مانا! ته‌نیا له میشکی پووچ و به‌تالی که سیکی وه کو تو دا ئه م جوره فکرانه  په یدا ده بن...! ئی، خیزانی نازه نین،  بوم هه یه سه یری چاوه کانت بکه م؟! (سه ری گرته نیو ده سته کانی)

ـ ئیستا چونی؟ که میک بزه ت بیتی! خو کوتاییت به خوش ویستنی من نه هیناوه؟ نا، ئه ح ! ژنیکی سه ربه خو و تیگه یشتوو که له تاریکایی بترسی...! ناکری ئیستا بلیی چ به لایه کت به سه ر هاتبوو؟ ترسه نوکیکی وا! له  سه ر ئه م حاله ش را بریاری داوه به بی یارمه تی و پشتیوانی من به ره نگاری ژیان بیت! خوت به باشی ده زانی که شتی وات له ده ست نایه... که وابی بمگره باوشه وه ،  توندتر، توندتر. دیاره که منت خوش ده وی. ئه م قسه قورانه بو چی بوون؟ چ خوشی‌یه‌ک له‌وه داده‌بی که هه‌م خوت ئازار بده‌ی و هه‌م من؟! نا، پیاو ده‌بی هه میشه هاوساری ئیوه ژنانی به ده سته وه بی! هه ر بویه ش ئیتر ویلت ناکه م... به یانی زوو به یه که وه ده چینه شار و شر و شالات و کتیبه کانت کو ده‌که‌ینه‌وه و ده‌یانهینینه ئیره... ئه‌مه ئیتر قسه‌ی تیدانیه. دلنیابه لیره ژیانیکی باشمان ده‌بیت...! چیه بو وا حه به ساوی؟!

هەواڵنامەی کتێب

ـ نا، حه به ساو نیم...

ـ ئه ی چیه؟

ـ هیچ، هه ر وا له فکر دام...

ـ فکری چی؟

ـ شتیکی وا نیه... شایانی ئه وه نیه ئیستا قسه ی لی بکری.

کوره که ئاخیکی هه لکیشا و ووتی:

ـ ئی باشه. به لام به هه ر حال زور سه یر دییته به ر چاو... من له تو ناگه م. بروانه خه ریکه رووناک ده بیته وه و هیشتا وچانیکمان نه داوه و رانه کشاوین. تو ئیستا بیگومان ماندووی. چیه، دیسان بیر له چی ده که یه وه؟

ـ هیچ... شتیکی تایبه ت نیه... شتیک نییه خوی پیوه ماندوو بکه ی. تو زور شیرین و نازه نینی.(هه ر وه کو منالیک بلاوینیته وه، ئاوا ده ستی به سه ری کوره که دا هینا. چی کردبایه که کوره که زور ئازاری نه دیبا؟ ده سگیرانه که ی هه ر وه کو منالیک سه ر حال و بزوز بوو و به شیوه ی تایبه تی خوی خوشه ویستی ده کرد...مانه وه له لای ئه و و له گه لیا ژیان، خوش بوو. چ بکا؟ ده س له بریاره که ی هه لگری و بو ماوه یه کی تریش راوه ستی... هه ولیکی تریش بدا بو ژیانی هاوبه ش...)

کوره که ووتی:

ـ به لی، سبه ینی دوای نیوه رو، ده چینه شار و کتیبه کانت دینین... قه فه سه ی کتیبه کانت لیره دا ده نیین... و تو ده بییه خیزانی نازه نینی ماله که م. گویت لییه؟

ـ ئه ری، گویم لییه. (به وه حشه ته وه جوابی دایه وه. کتیبه کان بگوازنه وه... واته به یه کجاری بگوازیته وه ئیره... ئه ی « ماموستا » خوشه ویسته که ی چی...؟ ئه ی کتیبخانه چی...؟ واته ئیتر واز له کاری زانستی بینی... به م جوره تا سه ره تای سالی داهاتووش «تیز» ه که ی ته واو نابی. نا! ده بی را بکا، را بکا... ئه گه ر بیتوانیبایه بیانوویه ک بینیته وه و ته نیا رویشتبایه شار...! ده بی هه لی... به زووترین کات... هه ر به یانی. به یانی، به یانی...

ده سگیرانه که ی پرسی:

ـ چیته؟ بو ئاوا ئالوزاوی؟! دیسان چاوی به فرمیسکت!

ـ چونکه سه ره رای ئه و هه موو شتانه، هه ر خوشم ده ویی... چونکه خوشم ده ویی... خوشم...

⁕ وه رگیراو له سوئدی یه وه: "Den stora kärleken" ته رجه مه ی **Lennart Westerberg** سالی ١٩٧٨.

⁕⁕⁕

هه‌وراز‌نامه‌ی کتێب

# کاریکاتیر

(هونەرمەندی ئەم ژمارەیە)

* کاریکاتیریست: ئارام عبدالله حسین

* لە دایك بووی: هەولیر ١٩٦٩

* دەرچووی کولیجی ئەندازیاری، بەشی کارەبا، سالی ١٩٩٠

* پینج پیشانگای تایبەتی هەیە، لە گەل هەندی کاریتری هاوبەش، کە ئەمانەن:

_ لە یەکی ئەیاری ١٩٩٢ لە باغی گلکند لە هەولیر.

_ لە یەکی ئەیاری ١٩٩٣ لە هەمان شوین.

_ لە ٩_٨_١٩٩٥ لە هولی میدیا لە هەولیر.

_ لە ١٠_١_١٩٩٦ لە ناوەندی روشنبیری سەردەم لە هەولیر.

_ لە یەکی ئەیاری ١٩٩٦ لە هەولیر و رانیە.

* کارە هونەرییەکانی لە زوربەی روژنامە و گوڤارە رادیکال و کریکارییەکاندا بلاو کراونەتەوە.

* ئەندامی مەلبەندی ئەدەب و هونەری کریکارییە.

***

# ره‌گه‌زه‌كانی ئیستاتیكای شیعری و
# سه‌رنجیك له‌ شیعره‌كانی ,,هانا,,ی ژماره‌ ٣

مه‌ شخه‌ ل

شوربوونه وه به ناخی حه قیقه ت، به دنیای ووشه، شوربوونه وه به ئیحساساتی ناسكی شاعیر، ووردبوونه وه له و كلافه هاواره ی خه می لی ده تكی، له و زامه ی كه ناسوری باوه شی پیاكردووه، له و ژانه ی چنگی له ئاسمانی دل گیركردووه، له و زه رده خه نه یه ی كه ئاونگی ئاسویه كی گه شی بو ژیان لی ده تكی.... تاد، لیره هه سته مرویی یه كان به ئه ندازه ی راستگویی شاعیر به رجه سته ده بیته وه و، هه ر لیره شه وه ریز له و هه سته ده گیری.

من ئیستاتیكا له راستگویی ئه‌بینمه‌وه.... ئه‌گه‌ر جوانی ته‌نها ره‌نگه‌كان بیت، ئه‌وا به‌شیكی حه‌قیقه‌ت له‌ده‌ست ده‌ده‌ین. ده‌بی به‌شوین ئه‌و ره‌گه‌زه نادیارانه‌وه بین كه تا ئیستا بیجگه له هونه ری شیعر، هیچ شتیك په ی پی نه بردووه. لیل بوونی به ر ته متومانی ری، نیمچه سیبه ری شاداریكی ژیر هه تاویكی خنكاو له ناو په له هه ورا، ده نگی سیحراوی نمه بارانی پاییزان، موسیقای شه پوله سه ر شیته كانی كه نار ده ریا، سه مای له رینه وه ی ئاشقانه ی گه لا.... ئه مانه پیك‌هینه ری دیوی دووه می ئیستاتیكان كه شاعیر وه ك راستگوییه ك ده بی ده ست و په نجه ی هونه رمه ندانه ی له گه ل نه رم بكات. قه لای خه یالی شاعیر هه روا به ئاسانی خوی نادات به ده سته وه.

چركه هه سته كان خیران، جار ناجاره ش له سه ره خو له ژیر بالی ووشه كانه وه ده كه ونه به ر ته وه ره ی هه‌ستی مروف. ناسینه‌وه‌ی له‌حزه حال‌گرتووه‌كانی شاعیر، خالی بنچینه‌یی‌یه له تیگه‌یشتن له هه ست، له ئیستاتیكا، له هونه ر؛ زه مه نیش بی ئاوردانه وه هه نگاوه كانی هه ست ده پیچیته وه.

چ قودره تیك ده توانی نهینی یه كانی ناو ده روونی ووشه ده ربخات و روحی به به ردا بكات؟

تابلوی شیعری كاریكی سه‌خته؛ هونه‌رمه‌ند ,,شاعیر,,ی چاوتیژ ده‌توانی هیلكاریه‌كانی ده‌روون و ئه ندیشه به ووشه بنه خشینی.

لیكولینه وه له بنه ما و پیكهینه ره ئه سلی یه كانی شیعری، راپسكانیكی سه ره تایی یه بو شوربوونه وه به دنیای جوانی و جیهانی پشت جوانی‌دا. كه ئه‌م باسه هه‌نگاویكی بچكولانه‌یه و، خوزگه قه‌له‌مه به برشته كان ده كه وتنه گه ر.

ئه م هه نگاوه ش ته نها له ژیر سیبه ری شیعره كانی ,, هانا,, ی ژماره ,, ٣,, دا هه لهینراوه.

## ره‌نگ:

به‌رجه‌سته بوونی ره‌نگ له شیعر و ده‌ركه‌وتنی فیزیاویانه‌ی شیعر له میانه‌ی خوبه‌ده‌سته‌وه‌دانی

مه به سته كانی شاعیر، بوشایی یه ك پیك دیت  كه ته نها له ووردبوونه وه ی هارمونیانه ی له حزه هه ست پی كراوه كانه وه  ده بینریت.  كاتیك  وینه  شیعری یه كان  (چ  ساده  یان  ئالوز)  لیك هه لده پیكرین، ده زووله ی  لیك گری دانیان ده بی وه همی و روحی بیت. ئه و كاته ی بوشایی ده كه ویته نیو ووشه كانه وه، ته ته له ده كه ویته هه ستی شاعیر و شیعره كه ش تووشی ووردبوون ده بیت.

سومای چاوم... لیت ناگرم
شه ر خوازه كان...
گیانی راپه رینیان...... تاساند
نانی برسی یه كانیان.... فراند
كوردیان له كوردستان توراند
هه زارانی وه كو تویان....
به ره و هه نده ران..... هه لفراند...

برووسكه یه ك بو هه نده ران_عه بدول حسین_ هانا_ ٣_

له م كاته دا هه ستیكی مونسه جیمی تیك چرژاو نابینریت، كومه له بوشایی یه ك حوكمی به ده سته كه شیعر  ده كاته  قوربانی،  نه ك  داهینان.  خه یال  لیره  مه لیكی  په روبال  كراوه و  له  قه فه سی  چه ند وینه یه كی چوون یه كدا به نده. له كاتیك دا به پیچه وانه وه، ده بی سنووری خه یال شتیكی نادیار بیت.
له دیاریكردن  و به رجه سته كردنه وه ی ره نگ له شیعر چه ند هوكاریكی هونه ری تر هه ن، كه نه خشی به رچاویان هه یه، وه ك دارشتن  و ,,صیاغه,, كردنی وینه كان. شیعری دیر به دیر لاوازه و ناتوانی خوینه ر كیش بكات بو ئه و دیو نهینی یه شارا وه كان. هه ربویه ره نگه كان وون ده بن و خوینه ریش به یه كجار خویندنه وه ی شیعره كه، تاسه ی خوزگه كانی ده شكی.

ره شه بای نه فره ت هه لی كرد
به و درویه ی له  بلندگوی هه له وه را
له گه ل گه نم و
ئاوه دانی و
گه ردن و
ئازادی كرا.

عبدالقادر سعید_ هه لبژاردن_ هانا_ ٣

لیره خودی بوشای یه كه كه وتوته به ر فلچه ی بی ره حمانه ی شاعیر و ره نگ بوته شتیكی ,, مجهول,,.

شاعیر نه یتوانیوه ده وری دیپلوماتیکی شاره زا بگیری له نه خشاندنی تابلوکه و، بوشایی یه که ش هه ر به ره نگی خوله میشی ده مینیته وه و شیعره که ش جوانی له ده ست ده دات.

ئاو و گلی ئه م سرووشته
بو پیویستی خه نده ی مروف، ده که ین به هونراوه ی ژیان.
پیستی ئه سمه ری ئیمه یه
به رد و خشتی خانووی به رز و، شه قامی شار
ده شیلیت و
ئاره قه ی خوین، هه ل ده سوی له گیانی دیوار.

(زه نگی شورشی کریکاران _ جه میل ره نجبه ر_رووباری خوین _١٩٨٢)

سه رنج بده ن! له دوو وینه ی جیاواز به په یوه ندی یه کی روحی، نهینی یه که چون به رجه سته ده بیته وه. شیلانی به ر دو خشتی خانووی به رز، کردنی ئاو و گلی سرووشت به هونراوه ی ژیان له پیناو خه نده و ئاسووده یی مروف ، سوانی ئاره قه ی خوین به گیانی دیوارا... ئه مانه جوانی ده به خشنه چاو و دل و بیری خوینه ر. هارمونیای موسیقی شیعری و له حزه ی هه ست پیکراوی شاعیر تیک هه لپیکراون و تابلویه ک به دیار ده که وی و، خوینه ر به ئاسانی ده توانی په نجه بخاته سه ر ته وه ره ی هیلکاری یه کان و هیچ بازنه یه کی داخراوی به ده وردا نه کیشراوه.

ره گه زی ره نگ له ئیستاتیکای شیعری له و لیک هه لپیکرانه ی هارمونیاو له حزه هه ست پیکراوه کانه وه له دایک ده بیت و تیشکی جوانی ده به خشیته دل و ده روون. جیا له م حاله ته شیعر وورد و خاشه و خه سله تی جوانی له ده ست ده دات.

**ده نگ:**

ره گه زی ده نگ له مه دای فه زای شیعری دا حه ساسه. زور جار شیعر به هوی لاوازی ئه م ره گه زه وه زیندووبوونی خوی له ده ست ده دات. موسیقا و له رینه وه ی سه دای ووشه کان له دیره شیعری یه کاندا جوره ده نگیک پیک ده هینن که ده بیته مایه ی ئینسجامی ده روون و بیر له گه ل مه به ست و ناوه روکی شیعر. لیره دا دیسانه وه پروسه ی لی هه لپیکرانه که ده ست پی ده کاته وه و، شاعیری هونه رمه ند ده بی ئاوازه یه ک له دوای یه که کان به ووشه ی گونجاو (تعابیر)ه شیعری یه کان بینیته بوون.

ئه گه ر ره نگ وون بی له شیعر، ئه گه ر لیک هه لپیکرانه که ی دل و ده روون و مه به ست به ئه نجام نه گه یشتبی؛ ره گه زی ده نگیش ناشاز و دوور له ویسته.

کش مات مامه..
کش مات کاکه
دره نگ وه خته و خه ریکه تاریکی دابی.

ئیوه توویکتان چاندووه

له باتی گول،

درک ده گری

خوینی ئه و خه لکه ش ئاو نی یه

رابوه ستی.

( دوور که ونه وه _ لاله ی هه ژار _ هانا_ ٣)

له م کوپله یه دا پینج هه ناسه ی شیعری هه یه، پینج ئاواز هه یه که ژیکانیان جیاوازن. ره گه زی ده نگ په راکه نده یه و لیک هه لپیکرانه که غائیبه و هه ر بویه ش ئاوازی جیا جیا و ,, متقاطع،، خوی ده ئاخنیته بیر و دل، ( مه به ست له ئاوازی کورت و دریژ نی یه). له م حاله ته دا له بری ئینسجام جوره دوورکه وتنه وه یه ک دروست ده بیت له نیوان شیعر و خوینه ر.

ئه لین هه رگیز

که سیان وه ک من

شاد نه دیوه.

ئه لین بزه دایم

به سه ر لیومه وه دیاره و

سیبه ری خه مم لی دووره.

(چاوی بی هیز _ چیمه ن _ هانا _ ژماره ٣)

ده نگ و ره نگ پیخوره ی مه به سته لای شاعیر، شاعیر مه به سته که ی بو خوینه ر به ئه سل و ده ره جه یه ک زانیوه. له رینه وه ی ووشه و به رزکردنه وه ی سه دای موسیقی دیری شیعر که وتونه ته ئه و دیووی کیوی ناوه روکه وه.

هه ورازی کور، پشتی شاخیکی به عومره و

بو پیشمه رگه دانه ویوه.

ئیواره یه و ریچکه و ریزی یه ک له دوای یه ک

به ره و بناری ئه و دیوه.

ده نگ: هه ر پرمه ی وولاخیکه و

وورده به رد و زیخی ژیر پی

بی ده نگ، بی ده نگ، به سه ر پشتی وولاخه که ی پیشه نگه وه

ته رمی شه هید، دوو ده ستی شور به ره و زه وی.

................................................

( شیرکو بیکه س _ که شکولی پیشمه رگه _ لاپه ره؟ )

چاو بده نی! شاعیر چون هونه رمه ندانه چرپه کان وینه ده کیشی. پرمه ی وولاخ، ده نگی ووردە به رد و زیخی ژیر پی ی پیشمه رگه، بی ده نگی یه کی گشتی له ریره ویکی به کومه ل. ده زوولە وه همی یه کان (روحی یه کان) له نیوان ووشه کانه وه به ئاشکرا سه رنجت راده کیشن. چرپه و موسیقا یه ک له دوای یه که چوون یه که کان، ئاوازیکی هونه رمه ندانه، دل و ده روون، بیر و هه ست ده ئاخنیته دوو توی ی مه به سته که یه وه. پروسه که ده گاته دواقوناغی خوی.

**زه مه ن:**

ره گه زی زه مه ن، دووری ,, بوعدی,, شیعری دیاری ده کات له په یوه ند به و بوشای یه ی که تابلوکه ی تیا به رجه سته ده بیت و، ده نگ و ره نگی تیادایه. زه مه ن به شیک له نهینی یه کان که شف ده کات؛ چونکه له حزه هه ست پیکراوه که ی شاعیر به رجه سته ده کاته وه و رووی جوانی شیعر ده رده خات.

زه مه ن ئازاده و په یوه ندی یه کی قولی هه یه به خه یاله وه. لیره وه ئه بعاده کان نادیارن و ناوه روکه که ش له و فه زایه دا ده توانیت جوریک له کامل بوون و پیگه یشتن به خویه وه ببینی. چه نده ره گه زی زه مه ن به رته سک بیت، خه یالیش بچکولانه یه و مه به ستی شیعریش کا ل و کرچ ده رده چیت. لیکولینه وه له ره گه زی زه مه ن، به مانای رابردوو و ئیستا و داهاتووی رووداوه کان نی یه، به لکو ساته له حزه ی چاوکردنه وه ی شیعره.

لیره
له م شاری مشکه دا
هه ناسه کان..
بونی تاعونیان گرتووه.
لیره سه رما مه رگ ده لی
ئاگردانه کانیش قوراو؛
که له گه ته،
حه سره ت باری که له گه ته.

( لیره _ شوان محمد _ هانا ژماره ٣ )

چرکه کان یه ک به دوای یه کدا دین. هه ناسه بونی تاعونی گرتووه، سه رما مه رگ ده لی، ئاگردانه کانیش قوراو. سی چرکه ی جیاواز که له راستی دا یه ک چرکه و یه ک زه مه ن نیشان ده دات.

واتا له له حزه یه کدا کومه لیک شت رووی دا وه. هه ر له هه مان له حزه شدا، چه ندین شتی تر رووی داوه. به لام زه مه ن هه ر ئه و له حزه داخراوه یه و بازنه زه مه نی یه که تیک نه شکاوه. ئه مه بو چیروک گونجاوه ، به لام بو شیعر نیشانه ی ده ست کورتی و لاوازی یه.

شه مال دیت و

په یامی مه رگه ساتیکی تازه دینی.

ئه لی هیشتا

هه نگی ئاشق

جی خه لوه تی به رنه داوه.

زه رده واله

شیله ی گولان زه هر ده کات

وه گولزاریش به م نه غمه یه

ئاسای یه، ئه گه ر ببیت به که لاوه.

( نامه ی شه مال _ حه مه عه لی حه سه ن _ هانا _ ژماره _٣ )

له حزه زه مه نی یه که نامه که ی شه ماله. ئه و دووری یه زه مه نی یه ی که له نیوان هه واله کان و له حزه ی گه یشتنی نامه که دایه، بازنه یی یه. که شه مال دیت، رووداوه کان که شف ده بیت. نامه که هویه که بو که شف کردنی حه قیقه ته کان، نه ک ده رخستنی جوانی ئه و حه قیقه ته له مه ودای زه مه ن دا.

هەوالنامەی کتێب

من ئه و که سه م

هه موو روژی،

ژیانی ئه مروم ده فروشم

بو کرینی نانی سبه ی.

ئه مروش دیسان هاتوومه ده ر

هه ی ژین، هه ی ژین

ژیانی ئه مروم بفروشم

( ریبولر _ پیشه نگ _ژماره ؟ _لاپه ره ؟)

لیره بازنه که تیک ده شکیت و ریبوار باز ده داته ئه و دیو بوشایی زه مه نه وه. شکانی بازنه که ده گه ریته وه بو ده رخستنی سیما جیاوازه کان له له حزه جیاوازه کان دا. جوانی لیره دا پرشنگ ده خاته وه. به رجه سته کردنه وه ی چه ند زه مه نیکی ناسراو له شیعردا نیشانه ی هیزی شیعری یه. گواستنه وه و جی گورکی ی له حزه شیعری یه کان، یانی نادیار بوونی سنووری زه مه ن.

لیره شه وه خه یال بی سنووره. ئه مه ش یارمه تی ده ری شاعیره له جیخستنی مه به ست و ناوه روک. به واتایه کی تر؛ پروسه ی لی هه لپیکرانه که هه ست پی ده کریت.

ده رکه وتنی ئه م ره گه زانه له شیعردا، ده لیلی وجودی هونه ره. لاوازی یان نه بوونی هه ر یه ک له م ره گه زانه جوانی له جوانی خوی بی به ش ده کات و تابلو شیعری یه که ش به کال و کرچی ده سپیری.

له کوتایی دا سلاو بو هه موو ئه و قه له مانه ی که وتونه ته به ر ره خنه ی ئه م باسه وه.

***

هەواڵنامەی کتێب

# سەبارەت بە ماهیەتی مەزهەب

بە هرام رە حمانی

دوای کوتایی پی هاتنی دەورەی «شەری سارد» و بلاوبوونەی نەخوشی «دیموکراسی»، دەیان شەری وەحشیانەی نە تە وایە تی و مە زهە بی لە م سە ر و ئە و سە ری جیهان دا، هە لگیرسان و بە ملیون ئینسان ژیانیان لی حە رام کرا. دیسانە وە جە هل و خورافە ی مە زهە بی و ناسیونالیستی، ئە م باوە رە دواکە وتووانە و کونە پە رستانە ی بورژوازی، خرایە مە یدانی سیاسی و کومە لایە تی یە وە. بە پیی ئاماری رە سمی، تە نیا لە ماوە ی دە سالی رابردوو دا دو ملیون مندال لە م شە رانە دا بوونە قوربانی. لە ئیران، ئە فغانستان، سومالی، عە رە بستان و... بە پیی قانوونی خوا و ئیسلام، دە ست و لاق دە برن؛ بە ردە باران دە کە ن؛ لە بە ر چاوی خە لک سە ر دە برن؛ کچانی منال و کە م تە مە ن بە پیی قانوونی ئیسلام و شە ریعە تی «محمد» ی ، تجاوزیان پی دە کری. دە کری کە سیک بو وجودی ئینسان حورمە ت دانی، بە لام لە بە رانبە ر خورافە ی مە زهە بی و میللی و زور و چە وسانە وە ی سە رمایە داری دا، بیدە نگ بی؟

«لودویک فویەرباخ» یەکیک لەو کەسانە بوو کە لە ناوئاخنی مەزهەب گەیشت و بە توندی دایە بە ر رە خنە. «ووتارە کانی سە بارە ت بە ناو ئاخنی مە زهە ب» ئە و ووتارانە ی فویە رباخن کە لە ماوە ی چوار مانگ دا لە دیسامبری سالی ١٨٤٨ تا مانگی مارسی ١٨٤٩ بو جە ماوە ریکی بە ربلاو لە کریکاران، خویندکاران و تاقمە ئاکادیمیکە کان لە دانشگای «هایدلبرگ» ی ئالمان پیشکە ش کراون. ئە م کتیبە ماوە یە ک لە مە و پیش لە لایە ن «نیکی خوش ئارە زو» لە ئالمان بە فارسی تەرجەمە کراوە. ئیمە بو ئاشنا بوونی خوینەرانی بەریز لە باسە کانی «فویە رباخ» چە ن بە شی جوارجور لیرە دا دینینە وە :

... زوریک لە و بە لایانە کە ئینسان لە مە پیشتر، هە ولی دە دا بە کە لک وە رگرتن لە مە زهە ب بە رە نگاریان بی؛ ئە مرو ئیتر شارستانیە تی و کوششی ئینسان بە کە لک وە رگرتن لە ئامرازی سروشتی لە بە ینی بردوون یان یە کجار زور بی هیزی کردوون. مە زهە ب بە رهە می دە ورە ی منالی ئینسانە . یان باشترە بلیین کە ئینسان لە مە زهە ب دا وە کوو منال دیتەروو. منال تەنیا بە کەلک وەرگرتن لە هیز و توانایی‌یەکانی خوی ناتوانی ئامانجەکانی خوی وەدی‌بینی. منالەکە روو دەنیتە دایک و باوکی خوی؛ ئەو مەوجووداتەی کە خوی گریدارو بەوانە دە زانی؛ بە و هیوایە ی کە بە یارمە تی ئە وانە وە بە ئارە زوکانی بگات. مە زە هە ب، سە رچاوە و موقعیە ت و گرینگی خوی قە رزداری دە ورە ی منالی مروقایەتی‌یە. بەلا م دەورەی منالی لە هەمان کاتدا ، دەورەی جەهل و بی ئەزموونی یە . ئە و مە زهە بانە ی کە دە ورە کانی دواتر دا هاتنە دنیا و وە ک «مە زهە بی نوی » نیو براون، وە کوو مە سیحییە ت، لە راستی دا نوی نە بوون. بە لکوو ئایینی رە خنە گرانە بوون. تە نیا کاری ئە م ئایینانە ئە وە بوو کە خەیالاتی مە زهە بی دە ورە کانی سە رە تایی مروف، هیندیک دەسکاری بکەن، لایەنی (معنوی) پی بدەن و لە گەل سەردەمی پیشکەوتووتری گەشە کردنی مروقایە تی دا سازگاری بکە ن...( لاپە رە ی ٢٤٩ )

...مە زهە ب بە تایبە تی لە تاریکە سە لاتی جە هل و لە دە ورە ی روژ رە شی و دە ستە وە ستانی و فە رهە نگی سە رە تایی و دواکە وتووانە دا دە خولقی. واتە لە و کاتە دا کە «خە یال» بال دە کیشی بە سە ر تە واوی توانایی و لیهاتوویی ئینسانی دا و ئنیسان سە رگە رمی یاخی ترین و ناماقو ل ترین بیر و بووچونە کان دە بی. بە لام مە زهە ب لە پیویستی ئینسان بە نوور و فەرهەنگ، یان لانی کەم لە دەسکەوتەکانی بەرهەمهاتوو لە فەرهەنگیش سە رچاوە دە گری. بە م حالە وە مە زهە ب، لە راستی دا یە کە م شکلی سخیفانە ی و پروپووچی فە رهە نگی ئینسانی بوو. هە ر بە م هویە وە شە کە هە ر

هەواڵنامەی کتێب

ده وره یه ک و هه ر قوناغیکی گرینگ له میژووی شارستانیه تی مروف دا، به مه زهه به وه ده س پیده کا. هه ر شتیک که له دوایی دا که‌وته ناو چوارچیوه‌ی تیکوشانی سه‌ربه‌خوی ئینسان و بوو به فه‌رهه‌نگ، به‌ر له هه‌موو شتیک، شیوه‌یه‌ک له مه‌زهه‌ب بوو. هه‌موو هونه‌ره‌کان، ته‌واوی به‌شه‌کانی زانست، (یان باشتره بلیین سه‌ره‌تایی‌ترین ده س پیکردنه کان، یه که م بنچینه کان؛ چون هه ر هونه ریک یا زانستیک که به پله ی به‌رزی تیگه یشتوویی بگا، ئیتر کوتایی به مه زهه بی بوونی دیت). له ئه سل دا مه ربووت بوو به مه زهه ب و نوینه ره کانی واته روحانیه کان. (لاپه ره ی ۲۵۰)

... مه‌زهه‌ب به پیی ماهیه‌تی تایبه‌تی خوی، هه‌لگری (عناصر)ی دژی فه‌رهه‌نگی‌یه؛ چون تیده کوشی ئه و بیر و بووچون و داب و نه ریتانه ی که ئینسان له ده وره ی منالی خوی دا خولقاندنی، ئه به دی یان بکا و وه ک قانونی ده وره ی بالغ بوونی به‌شه‌ر به سه‌ر ئینسان‌دا بسه‌پینی. له‌و شوینه‌ی که ئینسان پیویستی به خوایه ک هه بی که پیی بلیی چون ره فتار بکا ـ هه ر به و جوره ی که فرمانی دا به قه ومی به نی ئیسرائیل که له شوینیکی تایبه تی دا له یه ک جیا ببنه‌وه ـ و له سه‌رده‌میک که به ته‌واوی دوور له شارستانیه‌ت بی، ئا له‌و کاته‌دا ئینسان له قوناغی مه زهه بی دایه... (لاپه ره ی ۲۵۴)

... ئه‌رکی سه‌ره‌کی سه‌رده‌می ئیمه، مه‌زهه‌بی کردنی ئینسانه‌کان نیه به‌لکو فیرکردن و گه‌شه‌پیدانی زانست و فه‌رهه‌نگ له ته‌واوی مه‌یدانه‌کانی ژیان دایه. سه‌رانسه‌ری میژوو تا سه‌رده‌می ئه‌مرو ئه‌وه‌مان پیشان ده‌دا که گه وره ترین ترس و ئیرعابه کانی (میژوو) په یوندیان به مه زهه به وه بووه نه ک به فیرکردن و زانست و فه رهه نگه وه. هه ر مه زهه بیک که بناغه ی له سه ر خواناسی دانرابی ـ که ته نیا هه ر ئه م نه وعه له مه زهه بیش له به ر ده ست دایه ـ هه‌لگری خورافه‌یه‌و خورافه ش ده‌توانی هه‌موو چه‌شنه زولم و زور و وه‌حشیگه‌ری و بی‌ره‌حمی یه‌ک بینیته دی. (به‌لام) سه‌باره‌ت به جیا کردنه‌وه‌ی مه‌زهه‌بی ساخته‌کار له مه‌زهه‌بی راسته‌قینه که هه‌موو چه‌شنه زولم و بی ره حمی یه کی لی ده رهاویشترابی؛ (مه سه له که ) زور ئاسایی یه و له راستی دا (ئه م جوره مه زهه به) مه زهه بیکه که فه‌رهه‌نگ و زانست سنووری بو داناوه و روونی کردووه‌ته‌وه. هه‌ر بویه‌ش ئه‌و که‌سانه‌ی که سه‌ر به‌م جوره مه زهه بانه ن به لام قوربانی کردنی ئینسان، ئه زیه ت و ئازاری داهینه ران، سووتاندنی جادوگه ران، ده رکردنی حوکمی مه رگی «گوناباری هه ژار» و ئه م جوره بی ره حمی یانه، ره د ده که نه وه ؛ نابی دل ناسکی و دل سوزی یه که یان به حیسابی مه زهه ب دابنری به لکوو ئه مه ته نیا له فه رهه نگ، شعور، دلسوزی و ئینسانیه تی خویانه وه سه رچاوه ده گری و دیاره (سه ره رای) مه زهه بی بوونیان، ساحه بی ئه م خه سله تانه ن. (لاپه ره ی ۲۵۶)

... شه‌رتی وجوودی ته‌واوی خواکان، له راستی‌دا بی عه‌قلی و بی توانایی ئینسان له هه لسه نگاندنی سروشت وه ک سروشته. ئیسنان هه‌رچی نه‌زان‌تر، نه‌فام‌تر بی و خووی وه‌حشی‌تری هه‌بی، ره‌نگدانه وه ی خوی زیاتر له سروشت دا ده بینی و که متر ده توانی خوی له سروشت جیا بکاته وه. خه لکی «پیروو» له کاتی دیتنی گیرانی روژ دا، پییان وابوو که هه تاو به هوی هه له یه ک که له وان رووی داوه، لییان تووره یه. (لاپه ره ی ۲۶۲)

... خوا چاوی دیتنی سروشت و مروفی نیه. ئه و ده یه وی که ئینسان ریزی لی بگری، خوشی بوی و دیلی ئه و بی. ئه و داواکاری ئه‌وه‌یه که هه‌موو شتیکی‌تر هیچ بیت و ته‌نیا ئه‌و شتیک بی. واته «ته ئیسم» ـ خواپه رستی ـ چاوی دیتنی ئینسان و جیهانی نیه و هیچ شتیکی باشیان پی ره وا نابینی. (لاپه ره ی ۲۳۳)

... ئه و ئه قینه ی که به هه شتی خه لق کردووه و ده رد و ره نج به هیوای به هه شت داده مرکینی، هه ر ئه و ئه قینه یه که نه خوشه که دوای مردنی شیفا ده دا، که تینوایه تی ده شکینی و برسیه کان تیر ده کا دوای ئه وه ی که له برسیایه تی و تینوایه تی هیلاک بوون. (لاپه ره ی ۲۳۵)

***